DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.341



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئالودەبوونی هەرزەکار بە جگەرەی ئەلیکترۆنیی E_cigarettes

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە بەشێك لە خوێندنگە ئامادەییەکانی بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی)

م.ی. سازان محمد سعید کەریم
sazan.kareem@univsul.edu.iq

م.ی. فەرەیدون عارف سعید
fraidoon.saeed@univsul.edu.iq

بەشی کاری کۆمەڵایەتی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی

**پوختە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان بەرامبەر بە دیاردەی ئالودەبوونی هەرزەکار بە جگەرەی ئەلیکترۆنی.جەختکردنەوە لەسەر ئەم ئامانجەش لەگرنگی پرسی چاودێریکردن و لێپرسینەوەی دایبابانـدا وەك بەشێك لە پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری خووگرتن بە ڕەفتاری لادەرانەی نادروست سەرچاوەی گرتووە. چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی بەگشتی و ژینگەی خێزانی بەتایبەتی ڕۆڵێکی گەورەو کاریگەریان هەیە لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتاری تاك. بەتایبەت تەمەنی هەرزەکاری کە قۆناغێکی هەستیارە، پێویستی بە چاودێری و لێپرسینەوەی زیاترە لەلایەن دایبابانەوە. هەربۆیە گرنگی توێژینەوەکە لەخستەڕووی ڕۆڵ و گرنگی خێزان لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی نەوەی داهاتوودا خۆی دەبینێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەوڵیداوە بگات بەو حاڵەتانەی کە لەنێو خوێندکاراندا بوونی هەیەو ئەنجامدانی گفتوگۆکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵیان، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی ستراتیژی توێژینەوەی ئەسنۆگرافی لەچوارچێوەی میتۆدی چۆنێتیدا، واتە خستنەڕووی ئەنجامەکان بەشێوازی نائاماری. لە میانەی گەڕان بەدوای حاڵەتەکاندا یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم توێژەر رازیکردنی خوێندکاران بوو بە چاوپێکەوتن و وەرگرتنی زانیاری، چونکە لەگەڵ بەربڵاوی دیاردەکە لەنێو هەرزەکاراندا، بەڵام هەر بەشێوەیەکی هەستیار ڕەفتارو مامەڵە دەکەن. وەك توێژەر تێبینی دەکرد خوێندکاران لەکاتی کێشانی ڤەیپدا هەوڵیان دەدا خۆیان لەچاوی دەوروبەر بەدوور بگرن. لەئەنجامدا توێژەر توانی ١٠ حاڵەت وەربگرێت و وەکو نموونەی توێژینەوەکە بەکاریان بهێنێت. پاش تاوتوێکردن و راڤەکردنی زانیارییەکان دەرکەوت زۆرینەی هەرزەکاران ئاشنانین بە زیانەکانی جگەرەی ئەلیکترۆنی، هەروەك بەشێکی دایبابانیش تا رادەیەك بەلایانەوە ئاساییە کە منداڵەکانیان ڤەیپ بکێشن. هەروەها دەرکەوتووە زۆرینەی حاڵەتەکان کەسێك یان زیاتر لە خێزانەکەیان جگەرەو نێرگەلە دەکێشن و تا رادەیەکی زۆریش ئاگاداری ئەو دۆخەنین، کە منداڵەکانیان بەهۆی هاوڕێکانیانەوە فێری کێشانی ڤەیپ بوون و هیچ لێپرسینەوەیەکیشیان لێناکرێت لەسەر چۆنێتی خەرجکردنی ئەو پارەیەی کە وەك خەرجی ڕۆژانە بە منداڵەکانیان دەدەن.

**کلیلە وشەکان** (خێزان، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، ئالودەبوون، هەرزەکار، جگەرەی ئەلیکترۆنی)

Recieved: 26/7/2023
Accepted: 9/10/2023



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکی:

دیاردەی جگەرەکێشان لەنێو گەنجان و ئاکامە تەندروستییە مەترسیدارەکانی یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی، بەتایبەت لەدوای سەرهەڵدانی جگەرەی ئەلیکترۆنی (VAPE) لە ساڵی ٢٠٠٤ و تەشەنەسەندنی لەنێو گەنجان و هەرزەکاراندا، مەترسییەکانیشی روو لەزیادبوونە. مەترسییەکی شاراوە لێرەدا بوونی هەیە، کە ناشارەزایی گەنجان و هەرزەکاران و خێزانەکانیانە لەسەر پێکهاتە مەترسیدارەکانی ئەم بەرهەمانە. چونکە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان، جگەرەی ئەلیکترۆنیان وەك فریادڕەسێك بۆ کەسانی جگەرەکێش و هۆکارێك بۆ وازهێنانیان لە جگەرەکێشان ناساند. هەروەك بانگەشەی نەبوونی زیانی تەندروستی لەسەر بەکارهێنەرەکانی، فاکتەری زوو بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنی بوو لەنێو گەنجان و هەرزەکاراندا. لەهەرێمی کوردستان و لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا، جگەرەی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی خێراو مەترسیدار لە بازاڕەکاندا بڵاوبووەو بووە جێی سەرنجی گەنجان و هەرزەکاران. مەترسییەکە بەجۆرێکە، کە لە ٦ی دیسەمبەری ٢٠٢٢ ساڵی لە شاری دهۆك، داواکاری گشتی بەشێوەیەکی فەرمی بازرگانیکردن و کڕین و فرۆشتن و بەکارهێنانی جگەرەی ئەلیکترۆنی لە شارەکەدا قەدەغەکرد. زۆرێك لە توێژینەوەکان جەخت لەو راستییە دەکەنەوە کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری دەروونی و بایۆلۆژی لە قۆناغی هەرزەکاریدا روودەدات، سەرەڕای ژینگەی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر رەفتارو فۆرمگرتنی کەسێتی هەرزەکار هەیە. تاك لەم قۆناغەی ژیانیدا بە ئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی دەوروبەرەوە، هەربۆیە هۆشیاری خێزان لە هەڵگرتنی ئەرکی چاودێری و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە رۆڵەکانیان کارێکی گرنگ و ئەرێنییە. بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان لەم توێژینەوەیەدا پرسێکی سەرەکییە، بەوپێیەی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێگەیەکی پتەو و جێگیرو رۆڵێکی گرنگی هەیەو پەروەردەی خێزانی بەشێوەیەکی راستەوخۆو بنەڕەتیی کاریگەری لەسەر رەفتارو کەسێتی هەرزەکار هەیە. لەم روانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە رۆڵ و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان بەرامبەر بە منداڵەکانیان لە قۆناغێکی گرنگ و هەستیاری تەمەنیان، کە قۆناغی هەرزەکارییە.

### کێشەی توێژینەوە The Research Problem

ئاشکرایە دەستنیشانکردنی کێشەی توێژینەوە، یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکی و گرنگەکان لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەوپێیەی کە دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر لە فراوانکردنی روانین و دیدگای توێژەر بۆ دیاریکردنی سنووری توێژینەوەو هەنگاونان بە ئاراستەیەکی زانستی و دروست. خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێگەیەکی بەرزو شیاوی هەیەو پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاك و گەشەسەندنی کەسایەتیش هەر لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەربۆیە دەکرێت خێزان ئەو ناوەندە بێت کە بکرێتە سەنگەری رووبەڕووبوونەوەی دیاردە نەخوازراوەکان. لەم روانگەیەوە: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان، بەرامبەر بە ئەندامانی خێزان بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی وەك ئەوەی هەمیشە جێی بایەخ و سەرنجی توێژەران و پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی بووە، لەم توێژینەوەیەشدا جێی بایەخ و گرنگیپێدانی توێژەرە بەرامبەر بە هەرزەکارو ئالودەبوونیان بە جگەرەی ئەلیکترۆنی. لەئێستادا

ئالودەبوونی هەرزەکار بە جگەرەی ئەلیکترۆنی (VAPE)، یەکێکە لەو دیاردە مەترسیدارە نوێیانەی زۆرینەی کۆمەڵگەکانی جیهان بەدەستییەوە گیرۆدەن. ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستانیش ئەم جۆرە ئامێرە مەترسیدارە بەخێراییەکی زۆر بڵاودەبێتەوەو بەکارهێنانی لەنێو هەرزەکارو گەنجاندا بەردەوام روو لە هەڵکشانە. لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پێگەیاندنی تاکی تەندروست. هەربۆیە ئەرك و رۆڵ و بەرپرسیارێتی خێزان لە رووبەڕووبوونەوەی کێشەو گرفتەکانی ئەندامەکانی بە گشتی و هەرزەکار بەتایبەتی رۆڵێکی گرنگ و بایەخدارە.

## گرنگی توێژینەوە The Importance of the Research

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەرئەنجامی گرنگی بابەتێکە کە پرسیار لەدەوری کۆدەبێتەوە بەبەراورد لەگەڵ بابەتێکی دیکە. (علیان، ٢٠٠٩، ٢٣) .

## گرنگی تیۆری

لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی دونیای ئەمڕۆداو هاوکات لە نێو کۆمەڵگەی کوردییدا، جگەرەکێشانی ئەلیکترۆنی دیاردەیەکی مەترسیدارو بەربڵاوەو شایەنی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بابەتێکی زیندووە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی و رەفتاری تاك بە گشتی و هەرزەکار بەتایبەتی هەیە.

ئاماژەدانی توێژینەوەکە بە ئەرک و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان لەئاست هەرزەکاران بەگشتی و چۆنیەتی مامەڵەکردنییان لەگەڵ هەرزەکارانی بەکارهێنەرو ئالوودەبووی جگەرەی ئەلیکترۆنی.

گرنگی مەیدانی

١- پێدانی زانیاری ڕاستەوخۆ لە زاری لێتوێژراوانی ئەم توێژینەوەیە بە توێژەرانی دیکە، لە پێناو ئەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی تێڕوانینی هەرزەکاران لەبارەی وازهێنان لە جگەرەکێشانی ئەلەکترۆنی.

٢- ئاگادارکردنەوەی خێزانەکان و پێدانی هۆشیاری بەگرنگترین ئەو ئەرکانەی کە پێویستە لەسەریان لەچاودێریکردن و ئاگاداربوونیان بە بوونی هەرزەکاری جگەرەکێش لەناو خێزانەکەیان.

٣- خستنەرووی تێڕوانینی خودی هەرزەکاران لەبارەی چۆنێتی ئالودەبوونیان بە جگەرەی ئەلیکترۆنی لەڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ.

## ئامانجەکانی توێژینەوەThe Research Objectives

تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان بەرامبەر بە دیاردەی ئالودەبوونی هەرزەکار بە جگەرەی ئەلیکترۆنی.

خستنەڕووی بۆچوون و ئاستی هۆشیاری هەرزەکار بەرامبەر بە مەترسییەکانی بەکارهێانی جگەرەی ئەلیکترۆنی.

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک پێشنیارو راسپاردە بۆ خێزانەکان لە مامەڵەیان لەگەڵ هەرزەکارانی بەکارهێنەری جگەرەی ئەلیکترۆنی .

## دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوە زانستییەکان

### بەرپرسیارێتی Responsibility

بریتییە لە هەر کارێك، کە دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ و داواکراوە لەسەری لەکاتی ئەنجامدانی کارو چالاکییەکانیدا. (المنجد، ٢٠٠٣، ٣١٦). بەرپرسیارێتی ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی هەر تاکیک لەبەرامبەر ئەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدات لەئاست هێزی کۆمەڵایەتی و ئەوەی لەخۆی دەگرێت لە داب و نەریت و ڕای گشتی. (لیلة، ٢٠٠٩، ٩).

### پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی بەرپرسیارێتی:

بەرپرسیارێتی بریتیە لە سەرجەمی ئەو هەوڵانەی کە خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی دەیدات، لە پێناو پێدانی باشترین شێوازی پەروەردەکردن، بە جۆرێک لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵگە بگونجێت و ئامانجییان پاراستنی ڕۆڵەکانیانە لە تێڕوانینی نەرێنی کۆمەڵگەو سزا کۆمەڵایەتییەکان .

### بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی Social Responsibility

بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە بەرپرسیارێتی تاك لە کۆمەڵدا، بەرپرسیارێتی تاك بەرامبەر بە خودی خۆی و ئەو کۆمەڵەی کە ئینتیمای بۆی هەیە. یان بەرپرسیارێتی خودیی و ئەخلاقییە، کە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و چاودێری و لێپرسینەوەی خودیی لەخۆدەگرێت. هەروەك جۆرێك لە ئەخلاقی پابەندێتی خودییە بەو کارو ڕەفتارانەی سروشتی کۆمەڵگەکەی پێوە دیارە، یان لەژێر کاریگەری کۆمەڵگەدایە. (عثمان، ١٩٧٩، ٤٣). هەستکردن بەبەرپرسیارێتی بەشێکە لە بیرکردنەوە لە خودی بەرپرسیارێتی، باشترین و سەرکەوتووترین ڕێگە بۆ دروستکردنی ئەو هەستەش بونیادنانی دروستی کەسایەتی مرۆڤە، بەرپرسیارێتی گشتگیرە، بەهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی تاک بۆ خودی خۆی دەست پێدەکات، پاشان کەسانی دەوروبەری نزیک و دوور، پاشان بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی وەک ئەندامێکی بەسود. (العنزی، ٢٠١٣، ٣٦). یەکێک لەو زانست و بوارە ئەکادیمیانەی بەپلەی یەک گرنگی بەم بابەتە ئەدەن کاری کۆمەڵایەتییە، کە پسپۆرانی کۆمەڵایەتی پەیڕەوکاری دیارن لە کۆمەڵگەدا (ابوالنصر، ٢٠١٥، ٢١٩). هەروەك بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ ڕەوشتی تاک و شێوازی ژیانکردن لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەکەی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی. ( الحیانی، ٢٠١١، ١٥).

### پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی:

لە ڕوانگەی توێژەرەوە بۆ ئەم توێژینەوەیە، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەر هەوڵدانێکی خێزان، یان دایبابان بۆ چاودێریکردن و ئاگاییان بەرامبەر بە هەرزەکار، لەپێناو ڕێگریکردن و دوورخستنەوەیان لە کێشانی جگەرەی ئەلیکترۆنی و ئالودەنەبوونیان بەو ئامێرە مەترسیدارەی کە بەشێوەیەکی خێرا لەنێو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە.

## خێزان Family

چەمکی خێزان لەو چەمکانەیە کە پێناسەیەکی جێگیری نییە، ئەوەیش بەهۆکاری بوونی کۆمەڵگەی جیاوازو کولتوورو سیستەمی کۆمەڵایەتی و پەیوەستی بە داب و نەریتی کۆمەڵە جیاوازەکانەوە، پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە. (ماکیڤەر) پێناسەی خێزان دەکات بەوەی یەکەیەکی بونیادییەو لە پیاو و ژنێك پێکدێت، کە پەیوەندییەکی رۆحیی بەهێزیان لەگەڵ منداڵ و نزیکەکانیاندا هەیە. لەکاتێکدا بوونی خێزان پشت بە پاڵنەرە رەمەکییەکان و بەرژەوەندییە ئاڵوگۆڕەکان و هەستە هاوبەشەکان دەبەستێت، کە لەگەڵ خولیاو ئارەزووی تاکەکانیدا دەگونجێت. (الغزوي، ٢٠١٨، ١٧٣). (دورون و پارو) لە ئینسایکلۆپیدیای دەروونناسیدا پێناسەی خێزان دەکەن بەوەی: بریتییە لە کۆمەڵێك مرۆڤ کە پەیوەندی خوێن یان خزمایەتی پێکەوەیان دەبەستێت و بۆ چەندین نەوە بەردەوامی دەبێت. ئەمەش لە دەرئەنجامی پێکەوەبوونی سروشتیانەی هەردوو رەگەزی نێرو مێ پێکدێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو تواناو لێهاتووییانەی کە لەو دوو مرۆڤەدا بوونیان هەیە. هەروەك دەشێت تواناکانیان ئاشکراو بەرجەستەبن، یاخود نادیاربن و پێویستیان بە هەل و پاڵنەری بەهێز هەبێت، تا لە کات و هەڵوێستی دیاریکراودا وەدەربکەون. (دورون و پارو، ٢٠١٢، ٤٦٤).

## پێناسەی رێککاری بۆ چەمکی خێزان:

خێزان بەشێوەیەکی گشتی لە دایک و باوک و منداڵەکانیان پێکدێت کە لە هەمان ماڵدا پێکەوە ژیان بەسەر دەبەن، هەریەکێک لەم ئەندامانەش ئەرک و مافی تایبەت بەخۆیان هەیە، باوک و دایکیش بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی باش و دروستیان لە ئەستۆیە بۆ منداڵەکانیان لەبەرامبەر کۆمەڵگە.

## ئالوودەبوون Addiction

ئالودەبوون، واتە هۆگربوون بەشتێک و بەردەوامبوون لەسەر بەکارهێنانی کە نەتوانین وازی لێبهێنین، حاڵەتێک لە شپرزەیی دەروونی دروست دەکات تا دەگات بە هەستێکی دیاریکراو لە رەزامەندی. (السماني، ٢٠١٧، ٤٢). لەلایەکی ترەوە کۆمەڵەی دەروونناسانی ئەمریکی پێناسەی ئالودەبوونی کردووە بە دۆخێکی تایبەتی تاك، کە لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی یان هەردووکیانەوە، پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی ئەلکهول یان هەر ماددەیەکی تر. ئەم چەمکە زۆرینەی جار بەکاردەهێنرێت بۆ خووگرتن و پشت بەستن بە ماددەیەك، لەگەڵ وەسفکردنی پەشێویە رەفتارییەکان و خووگرتنی تاك بە سێکس، ئینتەرنێت، قومارکردن و هتد. (apa.org) هەروەها لە فەرهەنگی کۆمەڵناسی ئۆکسفۆرد دا هاتووە، ئالودەبوون بریتییە لە ئارەزووی نائاسایی و لە رادەبەدەری تاك بۆ بەکارهێنانی ماددەیەك، یان رەفتارێکی نائاسایی کە رەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی دەروونی هەیە. (Scott & Marshall، ٢٠٠٩، ١٩٤) .ئالودەبوون بەگشتی واتە ملکەچبوونی جەستەیی و دەروونی بۆ خوویەك، یاخود چالاکییەکی دیاریکراو، بەجۆرێك ژیان و گوزەرانی پەیوەست بن پێوەی. لەم بارەدا وازهێنان کارێکی گران و هەندێجار ئەستەمە، چونکە دۆخێك دەهێنێتە ئاراوە، کە کاریگەری لەسەر مێشك و جەستە دادەنێت. کەسی ئالودەبوو هۆکارو پاڵنەری خۆی هەیە بۆ گەیشتن بە دۆخی ئالودەبوون، سەرباری زیان و ئاکامە ترسناکەکانی. (الساعاتی، ١٩٩٢، ٢٧).

## پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی ئالوودەبوون

ئالوودەبـوون کردەوەیەکـە کـە لـە ئەنجامـی دووبـارە و بەردەوامبـوون لەسـەر بەکارهێنانـی دەرمانێـک یاخـود مادەیەکـی دیاریکـراوی هۆشـبەر، یـان کێشـانی جۆرەکانـی جگـەرە، بەتایبـەت جگـەرەی ئەلیکترۆنـی لەگـەڵ زیادبوونـی ئـارەزووی دووبـارە بەکارهێنانـەوەی و جاربەجـار زیادکردنـی بڕەکـەی بەهـۆی داواکردنـی بەردەوامـی جەسـتە بـۆ ئـەو دەرمانـە یاخـود مادەیـە.

## هەرزەکار Adolescence

هـەرزەکاری قۆناغێکـە لـە قۆناغەکانـی ژیانـی مـرۆڤ، لەپـاش تەمەنـی منداڵیـی دواکەوتـوو درێـژەی هەیـە تـا دەگاتـە تەمەنـی پێگەیشـتنی تـەواو. ئـەم قۆناغـە جیادەکرێتـەوە بـە ڕوودانـی گۆڕانـکاری خێـراو بـەدوای یەکـتر لـە ڕووەکانـی ژیریـی و هەڵچوونـی و جەسـتەیی و کۆمەڵایەتـی، هەربۆیـە بـە قۆناغێکـی هەسـتیار ئەژمـار دەکرێـت. (الزعبـی، ٢٠١٠، ٢٠). زانایـان و توێژەرانـی کۆمەڵناسـی پۆلێنـی تەمەنـی هـەرزەکاری دەکـەن لـە لیسـتی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان، ئەمـەش بـەو هۆیـەی کـە تەمەنـی هـەرزەکاری قۆناغێکـی هەسـتیارو پـڕ گۆڕانکارییـە. (العمـر، ٢٠٠٠، ١٠٣)

بـۆ تێگەیشـتنی زیاتـر لـە چەمکـی هـەرزەکار پێویسـتە لەسـەر هـەردوو ئاسـتی دەروونـی و کۆمەڵایەتـی بیناسـێنین:

لـە ڕووی دەروونییـەوە، هـەرزەکار کەسـێکە لـە قۆناغێکـی تایبەتـی تەمەنـدا، کـە دەکەوێتـە نێـوان منداڵـی و گەنجـی یـان سـەرەتای کامڵبـوون. کـە تێیـدا حـەزو خولیـا بەسـەر هەسـتەکاندا زاڵـەو تـاك ئـارەزووی سـەربەخۆبون دەکات. هەسـتی سۆزداری باڵاتریـن هەسـتە، ئاکامەکەشـی هەندێـك جـار لادانـە لـەو پێوەرانـەی کۆمەڵگـە دایڕشـتووە، بـەڵام هـەرزەکار گرنگییەکـی ئەوتۆیـان پـێ نـادات. هەربۆیـە ئـەم تەمەنـە پێویسـتی بـە چاودێـری و پاڵپشـتیکردنی زیاتـر هەیـە، ئەویـش لـە ڕێگـەی پاراسـتنی لـە پاڵنـەر و هێـزە دەرەکییەکانـی کۆمەڵگـەو گەیشـتن بـە قۆناغـی کامڵبـوون بەکەمتریـن زیانـی دەروونـی و خودکۆمەڵایەتـی.

لـە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە، ئـەم قۆناغـە بـۆ هـەرزەکار بـە قۆناغـی گواسـتنەوە وەسـفدەکرێت، گواسـتنەوە لـە منداڵییـەوە بـۆ کامڵبـوون. کامڵبـوون واتـە کەسـێکی خـاوەن کەسـایەتی سـەربەخۆو گونجـاو لەگـەڵ دەوروبـەرو خێـزان و کۆمەڵگـە. بـۆ گەیشـتن بـەم قۆناغـە، هـەرزەکار پێویسـتی بـە کات و ئـەرك و ماندووبـوون هەیـە تـا بتوانێـت گۆڕانـکاری لـە ڕەفتاریـدا بـکات وەك کەسـێکی بەرپرسـیارو پێگەیشـتوو. ئـەم گۆڕانکارییـەش تـا ڕادەیەکـی زۆر پەیوەسـتە بـە سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی و ئـەو ژینگـە کۆمەڵایەتییـەی کـە هـەرزەکاری تێـدا دەژی. (فهمـي، ١٩٩٠، ٢٥).

## پێناسەی ڕێککاری بۆ چەمکی هەرزەکار

تەمەنێکـی جیاکاریـە لەنێـوان منداڵـی و کەسـی تـەواو پێگەیشـتوو، لەتەمەنـی نـۆ ساڵی دەسـت پێدەکات و تـا هـەژدە سـاڵی بـەردەوام دەبێـت، دەسـتپێکردن و کۆتایـی هاتنـی ئـەم قۆناغـەش بـە پێـی کەسـەکان دەگۆڕێـت، هـەروەك لـە کۆمەڵگەیـەک بـۆ یەکێکـی دیکـە، لـە ژینگەیـەک بـۆ یەکێکـی دی دەگۆڕێـت.

## جگەرەی ئەلیکترۆنی E-cigarettes

جگـەرەی ئەلیکترۆنـی یـان ڤەیـپ بـە ئامێرێکـی ئەلیکترۆنـی دەوترێـت کـە بەهـۆی «گەرمکـردن و بەهەڵمکردنـی شـلەیەکی چڕکـراوەی بـێ ڕەنـگ بـە نـاوی (propylene glycol) ئامادەکـراوە بـە تـام و بۆنـی هەمەجـۆر لەگـەڵ تێکەڵەیـەك لـە نیکۆتیـن. (who.int).

ماڵپـەڕی (iCare) ئامـاژە بـەوە دەکات کـە توێژینـەوەکان سـەلماندوویانە ئـەو نیکۆتینـەی لـە جگـەرەی ئەلیکترۆنیـدا هەیـەو هـەرزەکارو گەنجـان لەکاتـی کێشـاندا هەڵیئەمـژن، چـوار هێنـدە زیاتـر لـە جگـەرەی ئاسـایی توشـی ئالودەبوونیـان دەکات. (icare-er.com)

ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهانـی لـە راپۆرتەکانیـدا جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە، لەگـەڵ ئـەوەی کـە جگـەرەی ئەلیکترۆنـی توتـن و (Tar) قەترانـی تێـدا نییـە بـەڵام بەرهەمهێنراوێکـی ناتەندروسـتەو سـەلامەت نییـە بـۆ بەکارهێنـان. بەڵکـو بـە شـێوەیەکی گشـتی مەترسـیدارە، بەتایبـەت لەکاتـی بەکارهێنانـی لەلایـەن منـداڵان و هەرزەکارانـەوە، چونکـە وەرگرتنـی نیکۆتیـن بـە رادەیەکـی زۆر دەبێتـە هـۆی ئالودەبـوون. (who.int).

نوێتریـن توێژینـەوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە هـەرزەکاران بـە ئاسـانی ئالـودەی بەکارهێنانـی جگـەرەی ئەلیکترۆنـی دەبـن، ئەوەیـش بەهـۆکاری:

دیزاینێکی کەشخەو سەرنجڕاکێشی هەیە.

ئاسانە لە بەکارهێناندا.

تام و بۆنی خۆشە.

توانای بەکارهێنانی بەشێوەی نهێنی لەو شوێنانەدا کە جگەرە کێشان تێیدا قەدەغەیە.

بڕوایان وایە کە ڤەیپ جێگرەوەی جگەرەی ئاساییەو زیانی کەمترە. (cdc.gov)

هـەروەك لەبـارەی زیـان و مەترسـییەکانی جگـەرەی ئەلیکترۆنییـەوە بەشـێوەیەکی بـەردەوام ناوەنـدی کۆنترۆڵـی نەخۆشـییەکان و خۆپاراسـتن لەئەمریـکا (CDC) لەراپۆرتەکانیـدا هۆشـداریی دەدات لـە بەکارهێنانـی جگـەرەی ئەلیکترۆنـی و ئامـاری ئـەو کەسـانەش دەخاتـەروو کەبەهـۆی جگـەرەی ئەلکترۆنییـەوە دووچـاری نەخۆشـی بـوون. بەپێـی زانیارییەکانـی ئـەم ناوەنـدە تەندروسـتییە لـە سـاڵی ٢٠٢٢ لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا زیاتـر لـە (٢,٥٥) دوو ملیـۆن و نیـو خوێنـدکاری قۆناغـی ناوەنـدی و ئامادەیـی کـە تەمەنیـان لەنێـوان (١٢ - ١٨) سـاڵیدایە، جگـەرەی ئەلیکترۆنـی بەکاردەهێنـن.

## توێژینەوەکانی پێشوو

پێداچوونـەوەو خسـتنەڕووی توێژینەوەکانـی پێشـوو هەنگاوێکـی گرنگـە لـە توێژینـەوەدا، بەوپێیـەی هۆکارێکـە بـۆ فراوانبوونـی دیـدگای توێـژەر سـەبارەت بـەو بابەتـەی کـە توێژینـەوەی لەبـارەوە دەکات:

توێژینـەوەی (علـی بـن عامـر محمـد الشـهری) بەناونیشـانی (المسـؤلیة الاجتماعیـة تجـاه المجتمـع)، سـاڵی ٢٠١٠ ئەنجامـدراوە، کـە گرنگتریـن ئامانجەکانـی بریتیـن لـە:

شارەزابوون لە کاریگەری پرۆگرام و چالاکی پێشکەشکراو لەلایەن دامەزراوە خێرخوازییەکانەوە.

تێگەیشتن لە ئاستی ڕەزامەندی کەسانی سوودمەند لەو بەرنامەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانە.

دەرخستنی گرنگترین ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی سەرکەوتنی ئەو بەرنامەو چالاکیانە.

توێژینەوەکەی (الشهری) بەچەند دەرەنجامێك گەیشتووە لەوانە: هاوکاریکردنی ماددی و مەعنەوی دامەزراوە خێرخوازییەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە، هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترو باشتر، کە هۆکارن بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجانەی کە لەپێناویدا دروستبوون. هەروەها هەندێك گۆڕاوی کۆمەڵایەتی و ڕێگری هەن بەجۆرێك کاریگەری هەن بەجۆرێك کاریگەری نەرێنی دروست دەکەن لەسەر پرۆسەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر کۆمەڵگە، لەوانەش بەشدارینەکردنی هەندێك چین و توێژ لە پرۆسەکەدا. هەروەك گرنگیپێنەدانی هەندێك ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و بەشێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە بە گەشەسەندنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.

توێژینەوەی (عهود ناصر عبید) ٢٠١٥، بەناونیشانی (دور الاسرة في تنمية المسؤلية الاجتماعية لدى أبنائها). لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە:

تێگەیشتن لە ڕێکارەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کە خێزان بەکاریاندەهێنێ لە گەشەپێدانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای منداڵەکانیان.

خستنەڕووی ئەو ڕێگری و بەربەستانەی کە هۆکارن لەبەردەم سەرنەکەوتنی خێزان لەگەشەپێدانی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای منداڵەکانیان.

تێگەیشتن لە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خوێندکاران لە زانکۆی (شا سعود).

لەگرنگترین دەرەنجامەکان کە ئەم توێژینەوە پێیگەیشتووە بریتین لە: باشترین ڕێگاکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەپێناو دروستکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای منداڵان، جڵەوگیری ئەرێنی و هاندانە. هەروەك خراپترین شێوازیش بریتییە لە دەستبەسەرداگرتن بەبەکارهێانی هێز، پشتگوێخستن، مامەڵەکردنی نادروست و توند. هەروەها خاڵێکی گرنگ لەدەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لەو هەڵوێستانەی کە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تاك دەردەخات لەوانەش، هاوکاریکردنی هاوپیشەکان لە چارەسەری کێشەکانی یەکدی. بەشداریکردنی تاك لەچارەسەرکردنی کێشەی خێزانەکەی. هاوکاریکردن و بەشداریکردن لەو کارانەی کە سوودی گشتی تێدایە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تییدا دەژیم.

## چوارچێوەی تیۆری:

## تیۆری ڕۆڵ:

(ڕۆڵ) چەمکێکی زانستی گرنگە، کە لە توێژینەوە زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا دەژی، ڕۆڵی جیاواز دەبینێت. کۆمەڵناسی ئەمریکی پارسۆنز (Talcott Parsons ١٩٠٢-٧٩) پێناسەی ڕۆڵ دەکات بەوەی: بریتییە لەکۆی ئەو بەهاو ئاراستەو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگە ئارەزوویان دەکات بۆ ئەو تاکانەی کە لە پێگەیەکی دیاریکراودا کاردەکەن. (معتوق، ١٩٩٨، ٢٨٦)

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری رۆڵ بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی بواری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتییە دادەنرێت، بەتایبەتی لە خزمەتگوزاری تاکدا، چونکە ئەم تیۆرە بەشێوەیەکی ورد کارلێکی تاك لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر روونەکاتەوە، لەگەڵ راڤەکردنی ئەم کارلێککردنە کۆمەڵایەتییە. هەروەك ئەم تیۆرە لە لێکۆڵینەوەی بابەتی جۆراو جۆردا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە، رۆڵی تاك، رۆڵی خێزان، و گروپی بچوکی کۆمەڵایەتی، هاوبەندی کۆمەڵایەتی، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی، داواکارییەکانی رۆڵ و بەرپرسیارێتی بەپێی پێوەرە کولتوورییەکان و ئاستی پابەندبوونی تاك یان پابەندنەبوون پێوەی. (الخراشی، ٢٠٠٤، ٢٥). لە روانگەی پەیڕەوکارانی ئەم تیۆرەوە، رەفتارەکانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پشت بە (رۆڵ) یاخود رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، کە لە کۆمەڵگەدا دەیانبینێت. چونکە سەرەڕای هەر پلەو پایەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ پابەندە بە رۆڵی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگە، بەجۆرێك کە ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرێت. بە واتایەکی تر ئەرك و مافی هەر تاکێك دیاری دەکرێت بە پێی ئەو رۆڵەی لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕێت. هەروەك تاك لەناو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین رۆڵی جیاواز دەبینێت، وەك: رۆڵی سەرکردایەتیکردن، رۆڵە ناوەندییەکان و رۆڵە بنچینەییەکان، چونکە رۆڵ بە یەکەیەکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ هەر دامەزراوەیەك، دامەزراوەش بە یەکەیەکی بونیادی بۆ دروستبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. جگە لەوەی کە رۆڵ ئەڵقەی پێکەوەبەستنی تاك و کۆمەڵگەیە. (الحسن، ٢٠٠٥، ١٥٩).

تایبەت بەم توێژینەوەیە کە تەوەرەی سەرەکی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزانە، دەکرێت لە روانگەی تیۆری (رۆڵ)ەوە تیشك بخەینە سەر رۆڵی دایبابان لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی هەرزەکاران و چاودێریکردنیان لەجۆری هەڵسوکەوت و رەفتاریان لە ژینگەی کۆمەڵایەتیدا. بەوپێیەی دایبابان لە خێزاندا پێگەی کۆمەڵایەتی تایبەت و جۆرێك لە دەسەڵاتیان هەیە، بۆیە ئەرك و رۆڵ و بەرپرسیارێتیشیان بەرامبەر بە منداڵ و هەرزەکاران زیاترەو پێویستە لە مامەڵەکردندا بە ئاگایی و هۆشیارییەوە رەفتار بکەن. لەلایەکی ترەوە تیۆری رۆڵ جەخت لەسەر کارلێکی تاك لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر دەکاتەوە، لەم سۆنگەیەوە رەفتاری هەرزەکار پەیوەندییەکی ئۆرگانی و راستەوخۆی بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، بەتایبەت لەپەیوەندیدا بە هاوڕێ و هاوپیشەکانییەوە. جگە لەوەی هەرزەکار لەو قۆناغەی تەمەنیدا هەمیشە کاریگەرە بە کەسانی دیارو لەخۆی گەورەتر، بەتایبەت کەسانی نێو خێزانەکەی. هەربۆیە پێویستە هۆشیاری دایبابان لە ئاستێکدا بێت کە بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن و هەرزەکار تێبگەیەنن لە زیانە ماددییەکانی جگەرە کێشان لەسەر بودجەی کەسیی وخێزانەکەی، بەشێوەی گفتوگۆ وئەژمارکردنی ئەو بڕەپارەیەی پێویستە بۆ جگەرە کێشان و جگەرەی ئەلەکترۆنی و بەفیڕۆدەدرێت، دەتوانرێت سودی لێ وەربگیرێت بۆ کڕینی ئامێرە ئەلەکترۆنیەکانی وەک کۆمپیتەرو مۆبایل، کە خوازراوی گەنجانە یاخود جلوبەرگی دڵخوازی خۆیان. هەروەك رۆڵی خێزان بەتایبەت دایباب بایەخ و گرنگی خۆی هەیە لە ئاگادارکردنەوەو پێدانی هۆشیاری بە مەترسییەکانی جگەرەکێشان لەرووی تەندروستی و سەلامەتی گشتی. بەتایبەت ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە هەڵانەی لەناو گەنجان و هەرزەکاران بڵاوە بەوەی جگەرەی ئەلەکترۆنی جێگرەوەی جگەرەی ئاسایی و نێرگەلەیەو زیانی تەندروستی نییە، لێرەدا گرنگی رۆڵی خێزان

دەردەکەوێت کە بەشێوەی گفتوگۆی نەرم و را گۆڕینەوە باس لە مەترسی و زیانەکانی نیکۆتینی شلی ناو جگەرەی ئەلەکترۆنی بکات.

## بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان لە ئاست منداڵەکانیان

خێزان بەهێزترین یەکەی کۆمەڵایەتییە لە بونیادنانی کەسایەتی هەرزەکارو گەشەپێدانی بەرپەسیارێتی وەک تاکێکی سەربەخۆ لەکۆمەڵگەدا، هەر خێزانیش ئەڵقەی پێکەوەبەستنی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگە. هەستکردن بە بەرپرسیارێتی سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێدەکات و دواتر رەنگدانەوەی دەبێت لە کۆمەڵگەدا. (الهذلی، ٢٠٠٩، ١٥).
ئەرکەکەنی خێزان لەڕووی بەرپرسیارێتیان بەرامبەر منداڵەکانیان

## ئەرکە بایلۆژیەکانی خێزان:

لەگرنگترینیان پاراستنی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی و پاراستنێتی لە لەناوچوون لە چوارچێوەی سیستەمی خێزان و بە پشتبەستن بە هێزی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی وەک پەیوەندی هاوسەرگیری.
ئەرکی ئابووری:
لەپاش شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی ئابووری، خێزان بووە یەکەیەکی ئابوری بەکاربەر، ئەمەش ئازادی خێزانەکانی هێنایە کایەوە بە جۆرێک خێزان وەک سەرچاوەی دابینکردنی پێداویستییەکانی تاک کار دەکات.

## ئەرکی دەروونی:

هەر تاکێک لەناو خێزاندا پێویستی بە پڕکردنەوەی پێداویستی هەستکردن بە ئارامی و سەقامگیری و هاوسۆزی لە ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی هەیە بە تایبەت هەرزەکار.

## ئەرکی هاوسۆزبوون:

مەبەست لێی پەیوەندی قوڵ و پێکەوە گرێدراوی سەرجەم ئەندامەکانە لە ڕووی گۆڕینەوەی هەستەکان و تێگەیشتن لە بیرو رەفتارو هەڵچونەکانی یەکتر، ئەمەش کەسێکی دەروون دروست بونیاد دەنێت. (العطار، ٢٠٠٨، ٧٩)
لەم روانگەیەوە دەردەکەوێت پابەندبوونی خێزان بە ئەرکەکانی، بنەمای سەرەکی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیە بەرامبەر بە نەوەکانیان و هۆکارە بۆ بونیادنانی پەیوەندی پتەو و دروست. ئەمەش بە واتای پێگەیاندنی تاکێکی تەندروست لە رووی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێشکەشی کۆمەڵگە دەکات، بە پێچەوانەوە لە بوونی کەموکورتی لەم بەرپرسیارێتیە تاکی لادەرو پەرگیر دروست دەکات.

## ڕۆڵی پەروەردەیی خێزان:

لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە خێزان یەکەمین یەکەی کۆمەڵایەتییە کە منداڵی تێدا پەروەردە دەبێت، چونکە چەمکی خێزان ئاماژەیە بۆ پێکەوە ژیانی ژن و پیاو لەگەڵ یەکدی و هەبوونی پەیوەندییەکی سێکسی

دانپێدانراو لەلایەن کۆمەڵگەوەو دەستنیشانکردنی ئەرك و مافەکان و چاودێریکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان. (رمضان، ١٩٩٩، ٢٥). بەم پێیەش خێزان گرنگترین وێستگەی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی تاکە لە کۆمەڵگەدا. کەواتە خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتی تاک و دیاریکردنی رەفتارەکانی، کەسایەتیش بەپلەی یەکەم کاریگەری خێزانی لەسەرە چ ئەرێنی بێت یان نەرێنی. لەتێڕوانینی کۆمەڵناسی هاوچەرخدا خێزان ئەو پابەندییە کە ژن و پیاوێك کۆدەکاتەوە، لەگەڵ پەیوەستییەکی خزمایەتی، یان پەیوەندییەکی دانپێدانراو، کە تێیدا گەورەکان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بەرامبەر بە منداڵەکان، چ منداڵی راستەقینەی خۆیان بن، یان منداڵی لەخۆگرتووبن (وەك خێزانی جێگرەوە). (الخطیب، ٢٠٠٢، ٣٥٨). هەربۆیە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی خێزان بەجۆرێکە، کە هیچ دامەزراوەیەکی دیکە ناتوانێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت بەهۆی گرنگی ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی تاك لە بونەوەرێکی بایەلۆژی بۆ کەسێکی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی .

## ڕۆڵی پەروەردەیی دایک

ڕۆڵی دایک گرنگترینە لە ژیانی هەر خێزانێک بە گشتی و منداڵەکان بەتایبەتی، لە ئێستادا وەک دەبینین دایک چەندین ڕۆڵ دەگێڕێت لەیەک کاتدا. ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی بەریەککەوتن و دژایەتی، یانیش هۆکارە بۆ پێکەوە گرێدانی ئەندامانی خێزان و هاوسۆزی. (سلاطنیة، ٢٠٠٨، ٢٠١). لەهەموو بارێکدا کاریگەری دروست دەکات لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەو پێیەی دایک گرێدەری هەردوو قۆناغی بایۆلۆجی و قۆناغی پڕکردنەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە. هەر کەموکورتییەک لەم ڕووەوە بێتە کایەوە کاریگەری خراپ دروست دەکات لەسەر ئەندامەکان بەگشتی و هەرزەکار کە بە کەسایەتی هەستیار دەناسرێتەوە بەتایبەتی. کاتێک بەخێوکاری ماڵ (کە بەزۆری باوکە) فریای دابینکردنی پێداویستییە هەمەجۆرو روو لەزیادەکان ناگرێت، ئەمە دڵەراوکێ بۆ دایک دروست دەکات. کاتێک بڕیار دەدات یارمەتی هاوسەرەکەی بدات و کارێک بکات لە دەرەوەی ماڵ ماندووبوونی زیاد دەکات و کاریگەری نەرێنی دروست دەکات، بەوەی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانی ناگات بەهۆی دابینکردنی پێداویستی ماددی، ئەمەش هۆکاری سەرەکی کاڵبوونەوەو کەمبوونەوەی ڕۆڵی دایبابانە. (لیلة، ٢٠٠٩، ١٧٠).

لێرەوە گەورەیی و گرنگی ڕۆڵی دایک دەردەکەوێت، کە هەڵگری زۆربەی بەرپرسیارێتییەکانە لەناو خێزان لە بوونی هەر کێشەیەکی ئابوری، یان کۆمەڵایەتی زۆرترین کاریگەری لەسەر دایک دەبێت و ئەم کاریگەرییەش دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکان و بەرکەوتەیان لەگەڵ سەرچاوەکانی دروستبوونی دڵەڕاوکێ دەبێت، کە بە جیاوازی تەمەنیان مامەڵە لەگەڵ حاڵەتەکە دەکەن.

## ڕۆڵی پەروەردەیی باوک

ئەو باوکەی کە سەر بە چینی هەژارو مامناوەندە ئامانجێکی ئاسانە بۆ هێرشی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی بارگرژی و ناڕەزایی بەهۆی نەبوونی توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خێزانەکەی، هەربۆیە ئەم بارگرژی و تورەییە دەگوازرێتەوە بۆ ئەندامانی خێزانەکەی.

منداڵانی ئەم خێزانانە لە ژینگەیەکی پڕ لە توندوتیژی گەورە دەبن، هەندێکجار باوکە ئەو بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ ناگرێت و خێزانەکەی دەکات بە گژ ئەو بارودۆخە سەختەو پەرتەوازەبوونی لێدەکەوێتەوە. یانیش خۆی رووبەرووی دەبێتەوەو هەوڵی کارێکی زیاتر دەدات و زۆرینەی کاتەکانی لەسەر کار بەسەر دەبات و کاتی بۆ خێزانەکەی نامێنێتەوە، ئەمەش بۆشایی لە رۆڵی باوک دروست دەکات لەرووی پەروەردەکردن و چاودێری و پێدانی ئامۆژگاری دروست و نەمانی پەیوەندی لە نێوان خۆی و ئەندامەنی خێزانەکەی. (کمال، ٢٠٠٥، ٣٢).

کەواتە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای خێزان لەبەرامبەر نەوەکانیان رۆڵێکی ئێجگار گەورە دەگێڕێت لە سەرخستنی پرۆسەی پێگەیاندی کۆمەڵایەتی.

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە و رێوشوێنە مەیدانییەکان

### باسی یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیداوە میتۆدی چۆنێتی (Qualitative Method) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەو بۆ بەدەستهێنانی ئەنجام و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بەکاربهێنێت. توێژینەوەی چۆنێتی، بریتییە لەو ئاراستەیەی بۆ دۆزینەوەو دەرککردنی ئەو مانایە دەگیرێتە بەر، کە تاکەکان یان گروپەکان دەیدەنە پاڵ پرسێکی کۆمەڵایەتی یان مرۆیی. پرۆسەی توێژینەوەکە لە فۆرمالیزەبوونی پرسیارەکان و شێوازەکانەوە دەست پێدەکات، بۆ کۆکردنەوەی داتا لە هەلومەرجی سروشتی بەشداربووان لە توێژینەوەدا، پاشانیش شیکردنەوەی داتاکان بەشێوەی ئیستقرائی، لە بابەتە تایبەتییەکانەوە بۆ بابەتە گشتییەکان و راڤەی توێژەر بۆ مانای داتاکان. (حەکیم و ئەمیر، ٢٠٢٠، ٢١١). هەروەك (نورەیی) ئاماژەی پێدەدات، توێژینەوەی چۆنێتی بایەخ بە میتۆدو رێگە نائامارییەکان (Non Statistical Method) دەدات لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەها پشت دەبەستێت بە پرۆسەیەکی (استقرائی) واتە لە وردەوە بۆ گشت، کە تیایدا کۆمەڵێك تەکنیك ئاوێتە دەبن، کە بەشێوەیەکی قەبارە بچوك وەردەگیرێن. بەم شێوەیە زانیارییەکی بەرفراوان لە لێتوێژەران کۆدەکاتەوە سەبارەت بەو بابەتەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکات. (نورەیی، ٢٠٢١، ٨٦).

ئاشکرایە میتۆدی چۆنێتی چەند ستراتیژێکی کارکردنی هەیە، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیداوە ستراتیژی توێژینەوەی ئەسنۆگرافی لەچوارچێوەی میتۆدی چۆنێتیدا بەکاربهێنێت بۆ ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەی. ئەگەرچی رێبازی ئەسنۆگرافی لە رابردوودا بەکارهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کولتووری کۆمەڵگە سەرەتایی و دوورە پەرێزەکان، بەڵام لە دونیای نوێدا گرنگی دەدات بە کۆمەڵگە خۆجێیە بچوك و کولتوورە لاوەکییەکان، بە نموونەی خوێندنگەو وەرزەکانی خوێندن. (السلمان، ٢٠١٨) بەو پێیەی توێژینەوەی ئەسنۆگرافی توێژینەوەیەکی کارلێك ئامێزە، کە تێیدا توێژەر بەشێوەیەکی مەیدانی زانیاری کۆدەکاتەوەو وەسفی دیاردەو رووداوەکان و هەڵوێستەکان دەکات، و تێبینی رەفتاری ئەو تاك و گروپانە دەکات کە پەیوەندییان بە دیاردەکەوە هەیە. هەروەها بەشێوەی ئیستقرائی داتاو زانیارییەکان کۆدەکاتەوەو لە رێگەی تێبینیکردن و چاوپێکەوتنەوە دەگاتە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی. (نورەیی، ٢٠٢١، ١٣٥).

## باسی دووەم: ڕێوشوێنە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

یەکەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لەو خوێندکارانەی کە جگەرەی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن لە بەشێك لە خوێندنگەکانی سەر بە پەروەردەی ڕۆژئاوا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣).

لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی چۆنێتیدا نموونەی توێژینەوە بە هۆکاری هەندێك تایبەتمەندی دیاری دەکرێت، بەشێوازی مەبەستدار یان ئامانجدار بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، هەربۆیە ناو دەبرێت بە نموونەی مەبەستدار، یان ئامانجدار. (غباري، ٢٠٠٩، ٢٢٣)

لەم توێژینەوەیەدا سوود لەم ڕێگایە وەرگیراوە، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی نموونە زیاتر بەکاردێت بۆ گەیشتن بە زانیارییە وردو دروستەکان، هەر بۆیە توێژەران ئەم ڕێگەیەیان بەکارهێنا، ئەو نمونەیەی توێژەران هەڵیان بژاردووە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە دەگونجێت لە جۆری ( نمونەی مەبەستدارە)، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ژمارەیەک حاڵەت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەگرفت و بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە. (شوانی، ٢٠١٥، ٢٨٩). لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ئامانجی توێژینەوەکە نموونەی ئەو خوێندکارانە وەرگیراوە کە جگەرەی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنن.

## دووەم: ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

فۆڕمی چاوپێکەوتن: چاوپێکەوتن بریتییە لەگفتوگۆو کارلێکردنێکی زارەکی نێوان دوو تاک لەبارێکی ڕووبەڕووبونەوەدا، یەکێکیان هەوڵدەدات زانیاری دەربارەی بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی بەرامبەر لەسەر بابەتێکی دیاریکراو کۆبکاتەوە. (عبدالمعطي، ١٩٩٠، ٣٤٥). بێگومان چاوپێکەوتن بە چەند جۆرێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت، ئەویش بەپێی جۆری پرسیارەکان دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر، ئەوانیش چاوپێکەوتنی کراوە(غیر مقننة)، چاوپێکەوتنی داخراو(مقننة)، لەچاوپێکەوتنی کراوەدا پرسیارەکان کراوەن و سەربەستی تەواو دەدرێت بە لێتوێژراو تا گوزارشت لەبارودۆخ و کێشەکانی بکات، بەڵام لە چاوپێکەوتنی داخراودا توێژەر چەند پرسیارێکی دیاریکراو لە فۆڕمی چاوپێکەوتندا ئامادە دەکات کە هاوشێوەی فۆڕمی ڕاپرسییە و زۆرێک لە پرسیارەکان وەڵامەکانیان دیاریکراون لە فۆڕمەکەدا بوونیان هەیە. (لطفي، ٢٠١٠، ١٧٧).

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە چاوپێکەوتنی کراوە وەربگیرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی ئامادەکردنی فۆڕمی چاوپێکەوتن، بەشێوازی پرسیاری کراوە و بۆ ئامادەکردنی سوود لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە وەرگیراوە، لەهەمان کاتدا ئەزموون و سەرنج و تێبینییەکانی شارەزایان و پسپۆڕان وایکرد پرسیارەکان بەشێوازێکی زانستییانەو وردتر دابڕێژرێت.

تێبینی: تێبینیکردن بە یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکانی توێژینەوە دادەنرێت، چونکە بوار بە توێژەر دەدات کە تێبینی ڕەفتارو پەیوەندی و شێوازی ژیان و کێشەکانی یەکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات. (الحسن، ١٢٣، ٢٠٠). لەم توێژینەوەیەدا لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکاندا هەوڵدراوە تێبینی ئەو گۆڕانکارییانە بکرێت، کە لە ڕەفتارو جوڵەو لە دەموچاوی لێتوێژراودا هەستی پێدەکرا لە کاتێکدا کە پرسیارەکانیان ئاڕاستە دەکرا.

## سێیەم : بوارەکانی توێژینەوەکە:
## لە سێ بواری سەرەکی پێکدێت کە ئەمانەن:

بـواری شـوێنی: بریتییـە لـە خوێندنگەکانـی (ئامادەیـی ژێـری تێکـەڵاو، ئامادەیـی دکتـۆر عیزەدیـن مسـتەفا رەسـوڵی تێکـەڵاو، ئامادەیـی رۆشـنبیری کـوڕان) سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردەی ڕۆژئـاوای سـلێمانی.

بواری مرۆیـی: پێکدێـت لـە نموونەیـەك لـەو خوێندکارانـەی کـە جگـەرەی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێنـن لەخوێندنگـە ئامادەییەکانـی سـەر بـە پـەروەردەی رۆژئـاوا بـۆ سـاڵی خوێندنـی (٢٠٢٢_٢٠٢٣). کـە ١٠ حاڵـەت وەك نموونـەی توێژینەوەکـە وەرگیـراوە.

بـواری کاتـی : مەبەسـت لـە بـواری کاتـی ئـەو ماوەیـە کـە پێویسـتە بـۆ ئەنجامدانـی کارە مەیدانییەکانـی توێژینەوەکـە، کـە لـەم توێژینەوەیـەدا لـە بـەرواری ٢٠٢٣/٤/١٠ تـا ٢٠٢٣/٤/٢٧ چاوپێکەوتنـەکان ئەنجامـدراون.

## خستنەڕووی حاڵەتەکان

کەیسی ژمارە (١)

رەگەزی نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/١٠

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی ژێری تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٤٥) خولەك

تەمەنـم ١٦ سـاڵە، لـە پۆلـی دەیەمـی ئامادەییـم. دایـك و باوکـم لەژیانـدان و پێکـەوە دەژیـن، بـەڵام باوکـم ژنێکـی تریشـی هەیـەو لـە قاتـی سـەرەوەی خانووەکەمـان دەژی. ئێمـە دوو بـراو خوشـکێکین، لـە باوکـەوە برایەکـی تریشـم هەیـە. خانـووی خۆمانـە، باوکـم گەراجـی پارکینـی ئۆتۆمبێلـی هەیـەو بـاری ئابووریـمان زۆر باشـەو دایکـم ژنـی ماڵەوەیـە. بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە سـاڵێکە ڤەیـپ ئەکێشـم و پێشـتر جگـەرەم نەکێشـاوە، بـەڵام کاتێـك باوکـم ئەبینـی جگـەرەی دەکێشـا حـەزم ئەکـرد لاسـایی بکەمـەوە. زۆرجـار فلتـەری جگەرەکەیـم هەڵئەگـرت و ئەمنـا بەدەممـەوەو بۆنـم ئەکـرد. لەترسـی ئـەوەی بۆنـی بێـت و باوکـم پێـم بزانێـت نـەم ئەوێـرا بیکێشـم، بـەڵام کـە بینیـم هاوڕێکانـم ڤەیـپ ئەکێشـن و بۆنـی ناخۆشـی نییـە، بۆیـە بەکارمهێنـا. زۆرێـك لـە هاوڕێکانـی قوتابخانـەو گەڕەکیـش ئەبینـم ڤایـپ بەکاردەهێنـن، لەوانـە سـێ کـەس لـە هـاوڕێ نزیکەکانـم بەکاریدەهێنـن. بیسـتوومە ڤەیـپ وەکـو جگـەرە نییـەو زیانـی تەندروسـتی زۆری نییـە. زۆر کـەس ئەبینـم ڤەیـپ بەکاردەهێنـن تەنانـەت کچیـش ئەناسـم بـەکاری دەهێنێـت. لەماڵـی ئێمـەدا تەنهـا باوکـم جگـەرەو نێرگەلـەش دەکێشـێ. لـە راسـتیدا باوکـم نازانێـت کـە ڤەیـپ ئەکێشـم بـەڵام دایکـم و خوشـك و براکـەم ئەزانـن. دایکـم پێـی ناخـۆش بـوو کـە پێـی زانیـم، وتـی ئەگـەر وازی لـێ نەهێنـی بـە باوکـت ئەڵێـم، بـەڵام کـە پێـم وت ئەمـە جگـەرە نییـەو شـتێکی خـراپ نییـە، تـا رادەیـەك ئاسـایی وەریگـرت. بـەڵام نامەوێـت باوکـم بزانێـت چونکـە ئەزانـم خـراپ تـوڕە ئەبێـت و لێـم قبـوڵ نـاکات. لەماڵـەوە لەبەرچـاوی خێزانەکـەم بـەکاری ناهێنـم

هەر لەدەرەوەو لەگەڵ هاوڕێکانم زیاتر. بڕێك پارەی دیاریکراوم دا نەناوە بۆ ڤەیپ، رەنگە هەفتانە بەنزیکی لەنێوان ١٠ بۆ ١٥ هەزار خەرج بکەم بۆ کڕینی ڤەیپ. باوکم هەفتانە ٢٥هەزارم وەك خەرجی پێ ئەدات، جاری وا هەیە زیاتریشی لێ داوا ئەکەم ئەگەر پێویستم بێت. نەخێر باوکم هیچ کات ناڵێت چی لەو پارەیە ئەکەی، چونکە ئەزانن کە ناچمە کافتریاو شوێنی خراپ و هاوڕێی خراپم نییە. بەڵێ باوکم پێی وتووم کە چاو لەو نەکەم و جگەرەو نێرگەلە نەکێشم چونکە خراپەو زیانی تەندروستی هەیە. دایکم هەندێجار پێم ئەڵێ واز لەم شتە بهێنە، بەڵام زۆری لێ نەکردووم. بۆخۆیشم جاری وا هەیە بیر لە وازهێنان ئەکەمەوە بەڵام کە هاوڕێکانم ئەبینم پێکەوە ئەیکێشین، بیرم ئەچێتەوە کە وازی لێ بهێنم.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (١)

لێتوێژراو لە ژینگەیەکی خێزانیدا دەژی کە باری ئابوورییان زۆر باشە، بەڵام سەرۆکی خێزانەکە بەهۆی ئەوەی هاوسەرگیری دووەمی کردووەو ئەرك و بەرپرسیارێتی زیاترە، رەنگە نەتوانێ وەك پێویست ئاگاداری دۆخی کوڕە هەرزەکارەکەی بێت. جگە لەوەی وەك باوك بەهۆی کێشانی جگەرەوە بووەتە هۆکارێك بۆ هاندان و لاساییکردنەوەی کوڕەکەی. کە ئەمەش لەخۆیدا جۆرێکە لە کەمتەرخەمی و نابەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی. هەروەك ئەم هەرزەکارە بەهۆی هاوڕێکانییەوە فێری بەکارهێنانی جگەرەی ئەلیکترۆنی بووە، کە ئەمەش کاریگەری بازنەی هاوڕێیانە وەك بەشێك لە ژینگەی کۆمەڵایەتی بۆ سەر تاك، لەکاتێکدا زۆرینەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان جەخت لەو راستییە دەکەنەوە کە کەسایەتی مرۆڤ زادەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. لەلایەکی ترەوە لێتوێژراو زانیاری و هۆشیارییەکی ئەوتۆی بەرامبەر بە جگەرەی ئەلیکترۆنی و زیانەکانی نییە. جگە لەوەی کە پێویستە دایباب تا رادەیەك چاودێربن و لێپرسینەوە بکەن لەوەی کە منداڵەکانیان پارەی رۆژانەیان لەچیدا خەرج دەکەن. چونکە دواجار هەموو خراپ بەکارهێنانێك دەرەنجامی خراپی دەبێت.

کەیسی ژمارە (٢)

رەگەزی نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/١٢

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی ژیری تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٣٥) خولەك

تەمەنم ١٧ساڵەو لە پۆلی ١١ی ئامادەییم، لەگەڵ دایك و باوکم و دوو خوشك و دوو برام پێکەوە دەژین. خۆم کوڕی گەورەی ماڵەوەم. خانووی خۆمانەو باری داراییمان خراپ نییە. باوك و دایکم هەردووکیان مامۆستان. بەگشتی پەیوەندیم لەگەڵ خێزانەکەم باشە. نزیکەی دوو ساڵە ڤەیپ دەکێشم. پێشتریش

جارجار جگەرەم دەکێشاو لە ماڵی مامەکانم و پورم، یان لە سەیران لەگەڵ ئامۆزاو پورزاکانم نێرگەلەم کێشاوە. بەڵام لەوەتەی ڤەیپ ئەکێشم وازم لە جگەرە هێناوە. دوو هاوڕێم ڤەیپ بەکاردەهێنن و هەر لەگەڵ ئەوانیش یەکەمجار بەکارمان هێنا. ئەزانم کە ڤەیپیش وەکو جگەرەو نێرگەلە زیانی تەندروستی هەیە، بەڵام وەك بیستوومە ئەمە باشترە لەوانی تر. لێرەو لەوێ زۆر گەنج ئەبینم کە ڤەیپ بەکاردەهێنن، رەنگە بەو هۆیەوە بێت کە وەك جگەرە دوکەڵ و بۆنی ناخۆشی نییە، جگە لەوەی کە هەرزانە. زۆر کات دایك و باوك پێیان باشترە ڤەیپ بەکاربهێنین نەك جگەرەو نێرگەلە بکێشین. وەك وتم جگەرەو نێرگەلە مەترسیدارن بەڵام وەك لە ریکلامەکاندا ئەیبینم و باس ئەکرێت ڤەیپ بەو شێوەیە نییە. لە خێزانەکەمدا تەنها باوکم جگەرەو نێرگەلەش دەکێشێت. تا ئێستا تەنها خوشکێکم دەزانێت کە ڤەیپ دەکێشم، بەڵام چونکە من برا گەورەی ئەوم بۆیە ناتوانێ هیچ بڵێت. یەکجار پێی بنیم، پێم گوت باسی نەکات چونکە ئەمە وەك جگەرە نییەو شتێکی خراپ نییە. ئەگەر دایك و باوکم بزانن ڤەیپ دەکێشم بڕوا ناکەم توڕە بن، چونکە ئەزانن کە جار جار لەگەڵ خزمەکانم نێرگەلە دەکێشم. بەڵام حەزناکەم بزانن کە ڤەیپ دەکێشم. سەبارەت بەوەی چەند پارە خەرج دەکەم بۆ کڕینی ڤەیپ، بەدیاریکراوی نازانم چەندم پارە پێویستە، بەڵام رەنگە هەفتانە ٨ تا ١٠ هەزار خەرج بکەم. پارەی رۆژانە بەدڵنیاییەوە لە باوکم و دایکیشم وەردەگرم بەڵام خۆیشم ئێواران لە سوپەر مارکێتێکی خاڵم ئیشی کاشێری ئەکەم و پارەی خۆمم هەیە. چونکە خۆم ئیش ئەکەم، هیچ کات دایك و باوکم لێپرسینەوەم لێ ناکەن، هەروەها لەلای دایکیشم بەشێك لە پارەکەم پاشەکەوت ئەکەم. زۆر کاتیش دایکم بیرم ئەخاتەوە کە بەتایبەت جگەرە نەکێشم تا وەك باوکم لێ نەیەت و نەتوانم تەرکی بکەم. باوکیشم هەروا پێم ئەڵێ کوڕم تۆ چاو لە من مەکەو فێری جگەرەکێشان نەبیت. بەڵام لەبەرئەوەی هەست ناکەم ڤەیپ شتێکی خراپ بێت، بۆیە بیرم لە وازهێنانی نەکردۆتەوە.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٢)

وەك دەردەکەوێت لێتوێژراو لە ژینگەیەکی خێزانیی گەورەو کراوەدا دەژی، بەوپێیەی کە دایباب هەردووکیان مامۆستان و تا رادەیەکیش کێشانی نێرگەلەو جگەرە لەلایان ئاسایی بووە. تەنانەت رای وایە کە رەنگە بەکارهێنانی ڤەیپ لەلای دایك و باوکی ئاسایی بێت، جگە لەوەی کە لەگەڵ خزم و هاوتەمەنەکانی پێشتر جگەرەو نێرگەلەی کێشاوە. لەلایەکی ترەوە بەهۆکاری ئەوەی کە ئێواران ئیش دەکات، کەواتە جۆرێك لە سەرچاوەی ئابوری خۆی هەیەو ئەمەش متمانەبەخۆبوون و بوێریی لا زیاتر کردووە بۆ بەکارهێنانی جگەرەی ئەلیکترۆنی. ئەگەرچی دایك و باوکی ئامۆژگاری دەکەن بەوەی کە جگەرە نەکێشێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە باوکی جگەرەکێشە بۆیە ئامۆژگارییەکانی وەك پێویست کاریگەری ئەرێنی لەسەر کوڕەکەی نەبووە.

کەیسی ژمارە (٣)

رەگەز نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/١٣

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵی تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٤٠) خولەك

تەمەنم ١٦ ساڵەو لەپۆلی دەیەمی ئامادەییم، باوکم لە ژیاندا نەماوە، لەگەڵ دایکم و خوشك و برایەکم دەژیم. برا گەورەکەمان ژن و ماڵی هەیەو لەگەڵ ئێمە ناژی. پەیوەندیم لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم زۆر باشە. باری ئابوریمان باشە، دایکم فەرمانبەرەو موچەی خانەنشینی باوکیشم وەردەگرین، کە شەهیدی پێشمەرگەیە. لەخانوی خۆماندایـن. راستی زۆر نییە، هەر ماوەی چەند مانگێکە ڤەیپ ئەکێشم، پێشتر هیچ جگەرەم نەکێشاوە، بەڵام چەند جارێك نێرگەلەم کێشاوە. بەدەست هاوڕێکانمەوە ئەمبینی بۆیە حەزم لێی کردو یەکەمجار هی هاوڕێیەکم بەکارهێنا، دواتر بۆخۆم کڕیم. بیستوومە ئەڵێن ڤەیپیش وەك جگەرە خراپە، ئەگەرچی هەندێکیش ئەڵێن شتێکی جیاوازترە لە جگەرەی ئاسایی و بێ مەترسیە. زۆر گەنجیش ئەبینم ڤەیپ بەکارئەهێنن، زۆربەی هاوڕێکانیشم ئەیکێشن. نازانم هۆکاری زۆر بڵاوبوونەوەی چییە، بەڵام بەئاسانی لە هەموو مارکێتەکان دەستمان ئەکەوێت، جگە لەوەش کە وەك جگەرە دووکەڵ و بۆنی ناخۆشی نییەو پێویستی بەچەرخ و ئاگر نییە. من وەك خۆم هەر ڤەیپ ئەکێشم و حەزم لە جگەرە نییە. تەنها برا گەورەکەم کە لەماڵی خۆیەتی ڤەیپ و نێرگەلە ئەکێشێ. باوکیشم بە رەحمەت بێ هەر جگەرەی ئەکێشا. هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەم نازانن کە ڤەیپ ئەکێشم و ناشمەوێ بزانن چونکە دڵنیام لێم قبوڵ ناکەن، بەتایبەت دایکم و برا گەورەکەم. بۆ کڕینی ڤەیپ پارەیەکی زۆرم پێویست نییە، چونکە تەنها کە لەدەرەوە بم بەکاری ئەهێنم، ئەوپەڕی ٦ تا ٧ هەزار، لەو جۆرەش ئەکڕم کە ئەتوانم چەند جارێك بەکاری بهێنم. بۆ پارەی خەرجی هەر دایکم خەرجی رۆژانەم ئەداتێ، حەز ئەکەم خۆم ئیش بکەم بەڵام دایکم ناهێڵێت، ئەڵێ جارێ تۆ خوێندکاری و نابێت ئیش بکەیت. بۆ چۆنێتی خەرجکردنیش نە چاودێریم ئەکەن نە لێپرسینەوەشم لێ ئەکەن، بەڵام ئەگەر داوای پارەی زیاتر بکەم، دایکم ئەبێ بزانێت بۆچی پارەی ترم ئەوێت و لە چیدا خەرجی ئەکەم. دایکم لەبەرئەوەی خۆی فەرمانبەرەو ئاگاداری دەرەوەیە، زۆر کات باسی خراپی و مەترسییەکانی جگەرەی بۆ کردووم و ئامۆژگاریم ئەکات کە فێری جگەرەو نێرگەلەکێشان نەبم. بەڵام ئیتر تازە فێربووم و حەزناکەم جارێ تەرکی بکەم.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٣)

لێتوێژراو لەژێر کاریگەری هاوڕێکانیداو لەکاتێکدا بەدەستی ئەوانەوە جگەرەی ئەلیکترۆنی بینیوە حەزی بەکێشانی کردووە. ئەگەرچی حەز ناکات ئەندامانی خێزانەکەی پێی بزانن، بەڵام هۆشداری پێدان و ئاگادارکردنەوەی خێزانەکەی نەبووەتە هۆکارێك بۆ وازهێنانی لە کێشانی ڤەیپ، چونکە دەزانێت چاودێری و لێپرسینەوەی دایکی و برا گەورەکەی وەك پێویست نییەو لەو لایەنەوە ترسێکی ئەوتۆی نییە. لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە هەرزەکار بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستی بەچاودێری و لێپرسینەوەو تەنانەت کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە مرۆڤ لە تەمەنی هەرزەکاریدا لە هەر قۆناغێکی تر زیاتر ئەگەری لادانی رەفتاریی هەیە.

کەیسی ژمارە (٤)

رەگەزی نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/١٦

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵی تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٤٠) خولەك

تەمەنم (١٥) ساڵەو پۆلی دەیەمی ئامادەییم، لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و براکانم پێکەوە دەژین و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خێزانیمان باشە. باوکم پێشمەرگەیەو دایکیشم ژنی ماڵەوەیە، ئەو کاتانەی کە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی تەواو ئەبێت باوکم کاری تەکسیش ئەکات. لەخانووی کرێداین، زەویمان هەیە بەڵام باوکم ناتوانێت بیکات بە خانوو. سەرەتای خوێندنی ئەمساڵ بوو کە فێری بەکارهێنانی ڤەیپ بووم، کاتێك بەدەست هاوڕێیەکمەوە بینیم حەزمکرد تاقیبکەمەوە. هەر ئەو هاوڕێیەشم هەیە کە لە نزیکەوە بیناسم و ڤەیپ بکێشێت. بەڵام خوێندکاری تری خوێندنگەکەمان ئەبینم کە ڤەیپ ئەکێشن. وەك خۆم پێشتر هیچ جگەرەو نێرگەلەم نەکێشاوەو وا هەست ناکەم ڤەیپ وەك جگەرەو نێرگەلە خراپ بێت. بەڵێ زۆر گەنجی تر ئەبینم کە ڤەیپ ئەکێشن و لە زۆربەی مارکێتەکان بە ئاسانی ئەتوانین بیکڕین. راستی نازانم بۆچی ڤەیپ زۆر بڵاوبۆتەوە، بەڵام هەر بە راستی رۆژانە زیاتر بەدەست گەنجەوە ئەیبینم. نازانم جیاوازی نێوان ڤەیپ و نێرگەلەو جگەرە چییە، بەڵام ڤەیپ بۆنی خۆشەو وەك جگەرە دوکەڵ و بۆنی ناخۆشی نییە. لە ماڵی ئێمە تەنها باوکم جگەرە دەکێشێت و هیچ کەسێکیشیان نازانن کە من ڤەیپ دەکێشم. بەهیچ جۆرێك حەزناکەم ئەندامانی خێزانەکەم بزانن کە ڤەیپ ئەکێشم، بەتایبەت باوکم، چونکە ئەزانم باوکم زۆر تورەیەو گەر شتێکی وا بزانێت لێم قبوڵ ناکات. بۆ خەرجی و پێداویستی خۆم هەر باوکم پارەی رۆژانەم ئەداتێ و لەو پارەیە ڤەیپیشی پێ دەکڕم. رۆژانە ٢ هەزار وەرئەگرم، پارەکە ئەوەندە زۆر نییە تا لێپرسینەوەم لێ بکەن. زۆر کاتیش دایك و باوکم ئامۆژگاری من و براکانم ئەکەن کە جگەرەو نێرگەلە نەکێشین. راستی من زۆر نییە ڤەیپ بەکاردێنم، بۆیە هێشتا بیرم لە وازهێنان نەکردۆتەوە.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٤)

لێتوێژراو لە رێگەی هاورێکانییەوە فێری بەکارهێنان و کێشانی ڤەیپ بووە، ئەو راستییەش دووپات دەکاتەوە کە ڤەیپ بەشێوەیەکی زۆر لەناو گەنجان و هەرزەکاراندا بڵاوبۆتەوەو بەئاسانیش لە مارکێتەکان دەست دەکەوێت. زانیاری و تێگەیشتنی لەبارەی جگەرەی ئەلیکترۆنییەوە کەم و کورتبینانەیەو ئاشنا نییە بە زیان و مەترسییەکانی، کە کەمتر نییە لە جگەرەی ئاسایی. هەروەك دەردەکەوێت چاودێری و لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ ناکرێت لەلایەن دایك و باوکییەوە، بەڵکو بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان تەنها ئامۆژگاریکردن و هۆشیارپێدانە.

کەیسی ژمارە (٥)

رەگەزی نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/١٨

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی ژیری تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٣٥) خولەك

تەمەنم (١٦) ساڵەو لە پۆلی ١٠ی ئامادەییم. لەگەڵ دایك و باوکم و خوشکەکانم پێکەوە دەژین و پەیوەندی خێزانیمان زۆر باشە. باری ئابوریمان باشەو خاوەنی خانوو، ئۆتۆمبێلی خۆمانین. باوکم بریکاری ئاردو خۆراکە، دایکم مامۆستایە، خوشکە گەورەکەشم بەهەمان شێوە مامۆستایەو ئۆتۆمبێلی خۆی هەیە. ماوەی کەمتر لە ساڵێکە ڤەیپ ئەکێشم، پێشتر جاروبار لەگەڵ هاورێکانم جگەرەم دەکێشا، بەڵام هەموو رۆژێك نا. جاری وا هەبوو لە هەفتەیەکدا دوو تا سێ جگەرەم لە هاورێکانم وەردەگرت، بەڵام کاتێك هاورێیەکمان ڤەیپی پێ نیشانداین و تاقیمان کردەوە پێمان خۆش و سەرنجراکێش بوو. ئیتر لەو کاتەوە تا ئێستا لەگەڵ هاورێکانم رۆژانە دەیکێشین. زۆر خوێندکار ئەبینم کە ڤەیپ بەکار ئەهێن، هەر لە پۆلەکەی خۆمدا زیاتر لە ١٠ کەسمان ڤەیپ دەکێشین. شتم زۆر لەبارەی مەترسی و خراپییەکانی ڤەیپ بیستووە، بەڵام وا هەستناکەم وەکو نێرگەلەو جگەرە مەترسیدارو خراپ بێت. جگە لەوەی کە ڤەیپ وەك جگەرە بۆنی ناخۆشی نییەو وەك نێرگەلەش نییە نەتوانی لەگەڵ خۆت هەڵی بگریت، جگە لەوەش دیزاینی هەمەجۆری هەیەو حەزدەکەم بەردەوام بەدەستمەوە بێت. لە ئێستادا تەنها ڤەیپ دەکێشم، چونکە ئەمە شتێکە جێگای جگەرەو نێرگەلەشی بۆ گرتووینەتەوە. لە خێزانەکەمدا تەنها باوکم جاروبار نێرگەلە دەکێشێت، بەڵام نازانن کە من ڤەیپ دەکێشم. لە راستیدا نامەوێ کەسیان بزانن، چونکە نازانم هەڵوێست و کاردانەوەیان چۆن ئەبێت، بڕواناکەم کاردانەوەیان باش بێت. رەنگە هەفتانە نزیکەی ١٠ هەزار دینار خەرج بکەم بۆ کرینی ڤەیپ، رۆژانە باوکم، یان دایکم و هەندێجاریش خوشکەکەم کە مامۆستایە پارەم ئەدەنێ. هەندێجار دایکم پرسیارم لێ ئەکات لەسەر ئەوەی کە پارەم پێیە، یان پارەکانم چۆن خەرج ئەکەم؟ بەڵام هیچ کات نەمهێشتووە بزانێت کە ڤەیپی پێ ئەکرم. هیچ کات بانگیان نەکردووم و راستەوخۆ پێم بڵێن کە خۆت بەدوور بگرە لە جگەرەو نێرگەلەو ڤەیپ، بەڵام جاری واش هەبووە باسیان لە خراپییەکانی کردووە. لەبەرئەوەی بە شتێکی خراپی نازانم بۆیە هیچ کات بیرم لە وازهێنانی کێشانی ڤەیپ نەکردۆتەوەو ناشزانم تا کەی بەردەوام بەکاری ئەهێنم.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٥)

لێتوێژراو کە تەمەنی ١٦ ساڵە پێش ئەوەی جگەرەی ئەلیکترۆنی بەکاربهێنێت، جگەرەی ئاسایی کێشاوە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەو راستییەی کە چاودێری و لێپرسینەوەی لەلایەن خێزانەکەیەوە لاواز بووە، یان وەك پێویست نەبووە. بەهەمان شێوەی زۆربەی هەرزەکاران و گەنجان، لە رێگەی هاورێکانییەوە

ئاشنای ڤەیپ بووەو بەکاریهێناوە. لەلایەکی ترەوە وەك توێژەر لەکاتی چاوپێکەوتندا تێبینی دەکرد، ئەم لێتوێژراوە بەجۆرێك هەست بە شانازیی بەخۆوە کردن و خۆدەرخستنەوە باسی بەکارهێنانی ڤەیپ و بەدەستەوەگرتنی دەکرد. کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەسایەتی مرۆڤ لە قۆناغی هەرزەکاری.

کەیسی ژمارە (٦)

رەگەزی مێ

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/١٩

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵی تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٤٠) خولەك

تەمەنم ١٨ساڵەو لەپۆلی ١٢ی ئامادەییم، دایکم لەژیاندا نەماوەو باوکیشم ژنی نەهێناوەتەوە، رەنگە بەهۆی ئەوەبێ کە دایکم هێشتا ساڵانەی نەچووە. دایکم بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی کرد. لەگەڵ باوکم و برایەك و خوشکێکم پێکەوە دەژین. خوشکێك و برایەکی ترم هاوسەرگیرییان کردووەو لە ماڵی خۆیانن. بەگشتی پەیوەندی نێوانمان زۆر باشە. باری ئابوریمان باشەو خاوەنی خانووی خۆمانین. باوکم کاری بازرگانی دەکات، ساڵانە چەند جارێك بەهۆی کارەکەیەوە سەفەری وڵاتان دەکات. نزیکەی ٨ بۆ ٩ مانگ دەبێت، فێری بەکارهێنانی ڤەیپ بووم، پێشتر هیچ جگەرەو نێرگەلەم نەکێشاوە. بەڵام لەدوای کۆچی دوایی دایکم زۆر دڵتەنگ و بێتاقەت بووم، بەردەوام هەستم بەبێزاری و سەرئێشە ئەکرد. هاوڕێیەکم کە پێشتر بینیبووم بەکاری ئەهێنا، رۆژێك ڤەیپێکی پێدام و وتی ئەوەم بۆتۆ کڕیوە. هەرچەندە دوودڵ بووم و نەم ئەویست بەکاری بهێنم، بەڵام ئەوەندە بێتاقەت بووم، بە خۆم وت چی ئەبێ جارێك تاقی بکەمەوە؟ کە بۆ یەکەمجار بەکارمهێنا هەستم بە شتێکی وا نەکرد، بەڵام پاش چەند جارێك بەکارهێنان هەستم ئەکرد مێشکم ئارام ئەبێتەوە. ئیتر لەو کاتەوە رۆژانە چەندجارێك بەکاری ئەهێنم. ئێمە لە قوتابخانەیەکی تێکەڵاوین ئەزانم کە زۆرێك لە کوڕەکان ڤەیپیان پێیە، بەڵام لە هاوڕێ کچەکان تەنها ئەم هاوڕێیەم ئەزانم کە هەمیشە پێکەوەین. بەڵێ ئەزانم کە ڤەیپیش زیانی خۆی هەیە، بەڵام وەك باسی ئەکەن زیان و مەترسییەکانی کەمترە لە جگەرەو نێرگەلە. هەرچەندە هەست بە ئارامی ئەکەم کە ئەیکێشم، بەڵام هەست ئەکەم هەندێجار توشی خورانی قورگ و سنگ ئێشەو کۆکە ئەبم، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا. رەنگە هۆکاری زۆر بەکارهێنانی ڤەیپ لەناو گەنجاندا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە ڤەیپ شتێکی ئاساییەو وەك جگەرە ناشیرین نییەو بۆنی ناخۆش نییەو بە ئاسانیش لە مارکێتەکان دەست دەکەوێت و گەنجان زۆر حەزی لێدەکەن. من وەك خۆم هیچ کات حەزم بە کێشانی جگەرەو نێرگەلە نەکردووە، بەڵام ڤەیپ بە شتێکی زۆر خراپ نابینم. لە خێزانەکەمدا تەنها باوکم جگەرە دەکێشێت و هیچ کەسێکیشیان نازانن کە من ڤەیپ دەکێشم. بەدڵنیاییەوە نەك هەر باوکم، بەڵکو هیچ کەس لە خوشك و براکانم حەز بەوە ناکەن کە من ڤەیپ بکێشم، بۆیە هەرگیز نامەوێت بزانن. هەر لەو پارەیەی باوکم بۆ خەرجی خۆم ئەمداتێ، هەفتانە ئەوپەڕی پێنج هەزار

دینار بدەم بە ڤەیپ. چونکە کەس نازانێت کە ڤەیپ دەکێشم، بۆیە هیچ کاتێکیش نەبووە باوکم ئامۆژگاریم بکات، بەڵام زۆرجار بە براکانمی وتووە کە جگەرەو خواردنەوە کهولییەکان بەکارنەهێنن و فێری نەبن. تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە واز لەکێشانی ڤەیپ بهێنم، بەڵام ئەگەر بزانم وەك جگەرە خراپە، ئەو کات وازی لێ ئەهێنم.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٦)

لێتوێژراو کە لە رەگەزی (مێ)یە، بارودۆخێکی تایبەتی کە هەیە کە بەهۆی کۆچی دوایی دایکی بۆی دروست بووە، جگە لەوەی کە باوکی بازرگانەو وەك خۆی دەڵێت سەفەری زۆر دەکات. سەرباری ئەوەش لە رێگەی هاندانی هاورێکەیەوە ئاشنای ڤەیپ بووەو بەکاریهێناوە، رەنگە جگە لە هاندانی هاورێکەی ئەو دۆخە دەروونییەش کاریگەری هەبووبێت بۆ فێربوون و بەکارهێنانی. هەستکردنی بە توشبوونی گرفتی تەندروستی بەهۆی ڤەیپەوە، نەبووەتە هۆکار بۆ وازلێهێنانی. ئەمەش لەلایەك پەیوەندی بە بارودۆخی دەروونییەوە هەیەو لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بە نائامادەیی کەسێکی بەرپرسیارەوە هەیە کە هەست بەچاودێری و لێپرسینەوەی بکات. توێژەر لەکاتی چاوپێکەوتندا تێبینی ئەوەی دەکرد، کە لێتوێژراو زۆر بە گرانی دەیتوانی قسەکانی دەرببڕێت، کە وا دەردەکەوت بارودۆخی دەروونی جۆرێك لە شڵەژان و ناجێگیری پێوە دیاربێت.

کەیسی ژمارە (٧)

رەگەزی مێ

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/٢٠

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵی تێکەوڵاو

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٤٥) خولەك

تەمەنم ١٩ ساڵەو لە پۆلی ١٢ی ئامادەییم، لەگەڵ دایك و باوك و خوشکەکانم پێکەوە دەژین. باری ئابوریمان خراپ نییەو زۆریش باش نییە. لە خانووی کرێداین، باوك و دایکیشم فەرمانبەرن، من و دوو خوشکەکەم خوێندکارین. بەگشتی پەیوەندی ئەندامانی خێزانەکەم باشە، بەڵام بەهۆی گرفتی داراییەوە هەندێجار کێشەو ناخۆشی دروست ئەبێ، کە ئەوەش لە زۆر ماڵدا هەیە. بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ڤەیپ ئەکێشم، پێشتر هیچ جگەرەو نێرگەلەم نەکێشاوە. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە باوکم جگەرەکێشە، منیش حەزم ئەکرد بیکێشم. بۆیە کە باوکم ئەبینی بە ئازادی لە هەموو شوێنێك ئەتوانێ جگەرە بکێشێ، زۆرجار خۆزگەم ئەخواست منیش کوڕ بوومایە بۆ ئەوەی بتوانم بێ ترس جگەرە بکێشم. ئەو کاتەیش کە زانیم شتێك هەیە بەناوی ڤەیپ و بەدەستی کوڕەکانی خوێندنگەکەمانەوە بینیم، ئیتر بەخۆمم وت ئەوە ئاواتەکەت هاتە دی. رۆژێك بە یەکێك لە کوڕەکانی هاورێم وت کە دانەیەکم بۆ

بکرێت. ئیتر لەو کاتەوە فێربووم و زۆر چێژی لێ ئەبینم. لە قوتابخانەکەی ئێمە هەستەکەم زۆربن ئەو گەنجانەی کە ڤەیپ ئەکێشن، چونکە رۆژانە بەدەستیانەوە ئەیبینین. لەبارەی زیانەکانی بەکارهێنانی ڤەیپ، بەدڵنیاییەوە زانیاریم هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی هاوڕێکانم دەیکێشن بۆیە حەزناکەم وازی لێبهێنم. هۆکاری زۆربوونی بەکارهێنەرانی ڤەیپ وای ئەبینم پەیوەندی بە جیاوازییەکەی بێت لەگەڵ جگەرەو نێرگەلە. بۆ نموونە دوکەڵی زۆرو بۆنی ناخۆشی نییە، پێویستی بە هەڵگرتنی چەرخ نییە. لە خێزانەکەمدا تەنها باوکم جگەرە دەکێشێت و منیش ڤەیپ. جگە لە باوکم، دایك و خوشکەکانم و پورێکم (خوشکی دایکم) ئەزانن کە ڤەیپ بەکاردەهێنم. لەسەرەتاوە کاتێك دایکم زانی، زۆری پێناخۆش بوو، وتی وازی لێنەهێنی بەباوکت ئەڵێم، بەڵام وتم شتی وا بکەی واز لەخوێندن ئەهێنم. ئیتر دایکم بە باوکمی نەگوت و منیش لە ماڵەوە نایکێشم. بەشێوەیەکی گشتی هەفتانە نزیکەی ٦ هەزار دینار ئەیەم بە ڤەیپ، بێگومان هەر دایکم و باوکم پارەم پێدەدەن، مانگانە باوکم ٥٠ هەزارم پێ دەداو دایکیشم جل و بەرگ و پێداویستییەکانی ترم بۆ دەکڕێت. هیچ لێپرسینەوەیەکیشم لێناکەن لەوەی چۆن ئەو پارەیە خەرج دەکەم. بەوپێیەی باوکم جگەرەکێشە زۆرجار دایکم نیگەران و توڕە دەبێت و باوکم دەکاتە بەهانە بۆ ئەوەی سەرزەنشتم بکات و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بە منیش بڵێت، ڤەیپیش وەك جگەرە خراپەو وازی لێبهێنە. بەڵام فشاری لێنەکردووم بۆ وازهێنان و خۆیشم جارێ نازانم، کە ئەتوانم وازی لێبهێنم یان نا.

## راڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٧)

لێتوێژراو لەگەڵ ئەوەی رەگەزی مێیە، بەڵام توێژەر هەر لەسەرەتاوە هەستی بە بوونی جۆرێك لە متمانە بەخۆبوون و بوێری زیاتر دەکرد وەك ئەوەی لە کچێکی ئاساییدا هەبێت. هەربۆیە بەشێوەیەکی روون و رەوان وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، تەنانەت لەکاتی گفتوگۆدا هەر ڤەیپەکەی بەدەستەوەبوو. هەروەك تێبینی ئەوەش دەکرا کە متمانە بۆخۆبوون و رەفتارکردنی رەنگدانەوەی ئەو هەستەی بێت کە رۆژانێك ئاواتی خواستووە کوڕ بێت بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئازادی جگەرە بکێشێت.  جگە لەوەی کە چاولێکردنی باوکی کە جگەرەی کێشاوە هۆکارێك و هاندەرێکی سەرەکی بووە بۆ فێربوونی بەکارهێنان و کێشانی ڤەیپ. ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ جۆرێکە لە نابەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی گەورەکانی خێزان بەرامبەر بە ئەندامانی تری خێزان، کە بێ ئاگا لەوەی رەنگە رەفتارێکی نادروست بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەلایەن منداڵان و هەرزەکارانەوە لاسایی بکرێتەوە.

کەیسی ژمارە (٨)

رەگەزی نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/٢٢

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی دکتۆر عزەدین مستەفا رەسوڵی تێکەڵ

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (٢)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٣٥) خولەك

تەمەنـم ١٥ سـاڵە، لەپۆلـی دەیەمـی ئامادەییـم. لەگـەڵ دایـك و بـاوك و خوشـك و براكانـم پێكـەوە دەژیـن. پەیوەندیـم لەگـەڵ ئەندامانـی خێزانەكـەم باشـە. بـاری ئابوریـمان باشـە، خانـوی خۆمانـەو باوكـم لەگـەڵ مامێكـم دوكانیـان هەیـەو دایكیشـم فەرمانبـەرە. مـاوەی چەنـد مانگێكـە ڤەیـپ بەكاردەهێنـم و پێشـتر هیـچ جگـەرەو نێرگەلـەم نەكێشـاوە، بـەڵام رۆژێـك لـە حەوشـەی قوتابخانـە بەدەسـت هاوڕێیەكمانـەوە بینیـمان. دوای پرسـیاركردن لێـی، بـۆی باسـكردین كـە ئەمـە چییـەو چـۆن بەكاردێـت. چەنـد رۆژێـك دواتـر لەگـەڵ هاوڕێیەكـم چوویـن یەكـی دانەیەكـمان كـڕی و بەكارمـان هێنـا. زۆر خوێنـدكاری تریـش ئەبینـم ڤەیـپ ئەكێشـن و زۆرجاریـش لەنـاو خۆمانـا باسـی زیانەكانـی ئەكەیـن، بـەڵام وا هەسـت ئەكەیـن زیانـی كەمتربێـت لـە جگـەرەو نێرگەلـە. مـن وا هەسـت ئەكـەم ڤەیـپ شـتێكی جیـاوازە لـە جگـەرەو نێرگەلـە، بەتایبـەت لـە بـۆن و دوكـەڵ و شـێوەكەی. وەك خـۆم هیـچ حـەزم لـە جگـەرەو نێرگەلـە نییـە، بـەڵام باوكـم جگـەرەو نێرگەلـەش دەكێشـێ. تەنهـا دایكـم ئەزانێـت كـە ڤەیـپ ئەكێشـم، بـەڵام لەبەرئـەوەی كـوڕی گـەورەی ماڵـەوەم، دایكـم هیـچ قسـە نـاكات و منیـش لـە ماڵـەوە بـەكاری ناهێنـم. هیـچ كات لەبەرچـاوی ئەندامانـی خێزانەكـەم ڤەیپـم نەكێشـاوە، بـەڵام رۆژێـك دایكـم لەنـاو قەمسـەڵەكەم بینیبـووی كاتێـك ویسـتبووی بیشـوات. پێـی ناخـۆش بـوو بـەڵام هیـچ لێـم تـورە نەبـوو. هەفتانـە ٤ یـان ٥ هـەزار دینـار بـۆ كڕینـی ڤەیـپ خـەرج ئەكـەم، هـەم دایكـم و هـەم باوكیشـم پـارەم پـێ ئـەدەن بـۆ خەرجـی رۆژانـە. بـەڵام لێـم ناپرسـن كـە چـی لـەو پارەیـە ئەكـەم، چونكـە هـەر بەشـی پێویسـتی رۆژانـەی خـۆم ئـەكات. دایكـم پێـی ناخۆشـە كـە ڤەیـپ ئەكێشـم، بـەڵام هیـچ كات نـە دایكـم و نـە باوكـم باسـی خراپـی و زیانەكانـی جگـەرەو نێرگەلـەو ڤەیپیـان نەكـردووەو بـۆ خۆیشـم جـارێ بیـرم لـە وازهێنانـی نەكردۆتـەوە.

## راڤەی توێژەر بۆ كەیسی ژمارە (٨)

لێتوێـژراو تەمەنـی تەنهـا ١٥ سـاڵە، كـە ناوەنـدی تەمەنـی هەرزەكارییـەو قۆناغێكـی زۆر هەسـتیارە، بـەڵام بەهـۆی كاریگـەری هاوڕێكانییـەوە فێـری بەكارهێنانـی ڤەیـپ بـووەو باوكیشـی بەهـۆی ئـەوەی كـە جگـەرەو نێرگەلـەش دەكێشـێت بەشـێوەیەكی ناڕاسـتەوخۆ هـۆكارە، چونكـە كوڕەكـەی چـاوی لێـدەكات و لاسـایی دەكاتـەوە. كـە ئەمـەش لـە روانگـەی كۆمەڵایەتییـەوە دەكرێـت وەك كەمتەرخەمـی لـە بەرپرسـیارێتی كۆمەڵایەتـی دابنرێـت. هـەروەك توێـژەر تێبینـی دەكـرد كەسـی لێتوێـژراو زۆر بـە متمانـەوە شـانازی بەخۆكردنـەوە باسـی لـە كێشـانی ڤەیـپ دەكـرد.

كەیسی ژمارە (٩)

رەگەزی نێر

بەرواری چاوپێكەوتن: ٢٠٢٣/٤/٢٤

شوێنی چاوپێكەوتن: ئامادەیی رۆشنبیری كوڕان

كاتی چاوپێكەوتن: كاتژمێر (٢)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێكەوتن: (٤٠) خولەك

تەمەنـم ١٦ سـاڵەو خوێنـدكاری پۆلـی ١٠ی ئامادەییـم، دایـك و باوكـم لـە ژیانـدان و دوو بـراو خوشـكێكم هەیـە.

خوشکەکەم خوێندکاری زانکۆیەو براکانیشم لەخۆم بچوکترن و لە قۆناغی بنەڕەتین. باری ئابوریمان باشە، خانوو و ئۆتۆمبێلی خۆمان هەیە. دایکم مامۆستایەو باوکم نوسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوی هەیە. زیاتر لە ساڵێکە ڤەیپ دەکێشم، پێشتریش لەگەڵ هاوڕێکانم و خزمەکانم چەند جارێك نێرگەلەم کێشاوە، بەڵام جگەرەم نەکێشاوە. بۆ یەکەمجاریش ڤەیپم لە ڕێگەی کوڕێکی پورزامەوە بەکارهێنا، ئەو پێی ئاشناکردم. لە هاوڕێ و خزمەکانم زۆر کەس ئەزانم ڤەیپ ئەکێشن، زانیاریشم زۆر نییە لەسەر زیانەکانی، چونکە وابزانم وەك جگەرە خراپ نییە. ڕۆژانە زۆر گەنج ئەبینم کە ڤەیپ ئەکێشن، ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێت کە شتێکی خۆشە، هەم تامەکەی و هەم بۆ نەکەی، جگە لەوەی کە وەك جگەرە ناشیرین نییە بە دەستەوە، ئەگەرچی جارێك لە شوێنێك هەواڵێکم خوێندەوە کە گەنجێك لەکاتی کێشانی ڤەیپدا بە دەمیدا تەقیوەتەوەو بەهۆیەوە بریندار بووە، چونکە ڤەیپ پاتری تیایە. لە ماڵی ئێمە باوکم جگەرەو نێرگەلە دەکێشێت، دایکم و خوشکەکەیشم جاروبار لە سەیران و بۆنەی تایبەت نێرگەلە دەکێشن و چەند جارێکیش دایکم ڤەیپی لە من وەرگرتووەو کێشاویەتی. بۆیە ئاساییە دایك و باوکم ئەزانن کە ڤەیپ ئەکێشم، بەڵام تا ئێستا لەبەرچاوی باوکم نەمکێشاوە. هەفتانە نزیکەی ١٠ بۆ ١٢ هەزار دینار بۆ کڕینی ڤەیپ خەرج ئەکەم، ئەوەیش بەپێی جۆری ئەو ڤەیپەی کە ئەیکڕم نرخەکەی ئەگۆڕێت، چونکە بەردەوام شێوەو جۆری جیاواز دێتە بازاڕو مارکێتەکان. پارەی خەرجی ڕۆژانەم هەر لە دایك و باوکم وەرئەگرم، کەسیش لێپرسینەوەم لێ ناکات لەوەی چۆن خەرجی ئەکەم و بە چی ئەدەم. وابزانم ڤەیپ شتێکی وەك جگەرە خراپ نییە، بۆیە دایك و باوکیشم بە ئاسایی ئەیبینن. هێشتا بیرم لە وازهێنان نەکردۆتەوە، چونکە خۆشی ئەبینم لە بەکارهێنانی.

## ڕاڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (٩)

لە قسەکانی لێتوێژراوەوە دەردەکەوێت کە خێزانەکەی بەلایانەوە کێشانی نێرگەلەو جگەرەو جگەرەی ئەلیکترۆنی شتێکی ئاسایی بێت. لێرەوە ڕاستەخۆ کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی خێزان بەسەر ئەندامەکانییەوە بەدی دەکرێت، بەتایبەت دایك و باوك کە هەم خۆیان جگەرەو نێرگەلەو ڤەیپ دەکێشن، و هەم ڕێگریش نین لەبەردەم منداڵەکانیان. هەربۆیە لەم حاڵەتەدا زۆر بە ڕوونی کەمتەرخەمی دایباب لە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر هەرزەکارو گەنجان دەبینرێت.

کەیسی ژمارە (١٠)

ڕەگەزی نێر

بەرواری چاوپێکەوتن: ٢٠٢٣/٤/٢٤

شوێنی چاوپێکەوتن: ئامادەیی ڕۆشنبیری کوڕان

کاتی چاوپێکەوتن: کاتژمێر (٣)ی پێش نیوەڕۆ

ماوەی چاوپێکەوتن: (٣٥) خولەك

تەمەنم ١٦ ساڵەو خوێندکاری پۆلی ١١ی ئامادەییم، لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و براکانم پێکەوە دەژین، پەیوەندیم لەگەڵ هەموویان زۆر باشە. باری ئابوریمان باشەو کێشەمان نییە، خانووی خۆمانە

بەڵام ئۆتۆمبێلمان نییە، پێشتر هەمان بوو بەڵام باوکم فرۆشتی و بۆ ئەوەی زەویەکەمان بکات بە خانوو. بەهۆی ئەوەوە جاروبار دایکم بێتاقەت ئەبێ بەڵام شتێکی وا نییە، چونکە وەك باوکم هەموو جارێك ئەڵێ: خانوو گرنگترە لە ئۆتۆمبێل. باوکم وەستای کاشییەو دایکیشم ژنی ماڵەوەیە. ماوەی سێ بۆ چوار مانگ ئەبێ ڤەیپ ئەکێشم، پێشتریش جاروبار بە دزییەوە جگەرەم لە پاکەتەکەی باوکم ئەبردو شەوان لە دەرەوە ئەمکێشا. بەڵام ڤەیپ لە هاوڕێیەکمەوە فێربووم کە لە قوتابخانە لەگەڵمدایە. ڕۆژێك وتم حەزم لە جگەرەیەو ناوێرم بیکڕم ئەترسم یەکێك لە مارکێتەکە ببینێ، بەڵام ئەو هاوڕێیەم وتی واز لەوە بێنە ئەچین ڤەیپ ئەکڕین. من پێشتر ئەمزانی چییە بەڵام بیرم لەوە نەکردبۆوە کە بیکێشم. ئیتر ئەو هاوڕێیەم دانەیەکی کڕی و پێکەوە بەکارمانهێنا. لەو کاتەوە خۆم ئەیکڕم و بێ ترس ئەیکێشم، چونکە هیچ بۆنی نییەو پێویستت بە هەڵگرتنی چەرخیش نییە. من لەجۆری قەبارە بچوك ئەکڕم، هەم هەرزانەو هەم ئاسانتریش ئەیشاریتەوە، بەجۆرێك لەناو دەستما لەگەڵ مۆبایلەکەم کەس نایبینێ. ئەوەندەی ئاگاداربم زیاتر لە ١٠ کەس لە خوێندکارانی پۆلەکەمان ڤەیپ ئەکێشن. سەبارەت بە زیانەکانی شتێکی زۆری لەبارەوە نازانم، چونکە ئەڵێن ئەمە وەکو جگەرەو نێرگەلە نییەو بێ زیانە. هەربۆیە ڕۆژانە بە زۆری بەدەست خوێندکاران و گەنجانەوە ئەیبینم و بە ئاسانیش لە هەموو مارکێتەکان دەست دەکەوێت. لەماڵی ئێمە تەنها باوکم جگەرە دەکێشێت و منیش ڤەیپ بەکارئەهێنم. بەهیچ جۆرێك ماڵەوەمان نازانن کە ڤەیپ ئەکێشم و ناشمەوێت بزانن، چونکە ئەزانم باوکم خراپ لێم تورە ئەبێت و ڕەنگە نەهێڵێ بچمەوە بۆ خوێندنیش. هەفتانە یەك ڤەیپ ئەکڕم بە سێ هەزار یان چوار هەزار دینار، ئەو پارەیەش هەر لەپارەی خەرجی ڕۆژانەیە کە باوك پێم ئەدات. ماڵەوە هەر وا ئەزانن بۆ خەرجی ڕۆژانە بەکاری ئەهێنم. جار هەبووە لە ماڵەوە یان لە شوێنێك باسی خراپی جگەرەو نێرگەلە کراوە بەڵام بڕواناکەم هێشتا دایك و باوکم بزانن ڤەیپ چییە. بۆ وازهێنانیش نازانم بڵێم چی، خۆ هێشتا ئەوەندە نابێ کە فێری بووم.

## ڕاڤەی توێژەر بۆ کەیسی ژمارە (١٠)

لێتوێژراو بەر لەوەی فێری کێشانی ڤەیپ بووبێت، جاروبار جگەرەی کێشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی هاندان و هاوکاریکردنی هاوڕێکەیەوە فێری کێشان و بەکارهێنانی ڤەیپ بووە. وا دەردەکەوێت کە دایك و باوکی چاودێری و لێپرسینەوەی پێویست و هۆشیارییەکی ئەوتۆیان بەرامبەر بە مامەڵەکردنی هەرزەکار نەبێت. هەروەك جگەرە کێشانی باوکی و دانانی پاکەتی جگەرەکەی لەبەردەستی هەرزەکارێکدا لەخۆیدا جۆرێکە لە نابەرپرسیارێتی و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش پێدانی دەرفەتە بۆ ئەوەی فێری کێشانی جگەرە ببێت.

## پۆلێنکردنی زانیارییە بەدەستهاتووەکان:

ژمارەی حاڵەتە وەرگیراوەکان وەك نموونەی لێتوێژراوان بریتییە لە ١٠ حاڵەت، کە ٨ حاڵەتیان لە ڕەگەزی نێرو ٢ حاڵەتیان لە ڕەگەزی مێ بوون.

تەمەنی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەنێوان ١٥-١٩ ساڵیدایە.

لێتوێژراوان خوێندکاری قۆناغی ئامادەیین لە پۆلەکانی ١٠، ١١، ١٢.

هەندێك لـە ئەندامانـی نموونـەی توێژینەوەکـە لەگـەڵ ئـەوەی خوێنـدکارن، کاریـش دەکـەن، ئەمـەش بـە واتـای تـا رادەیـەك خاوەنـی سـەرچاوەی داهـات و سـەربەخۆیی ئابوریـی خۆیانـن.

ئەندامانـی نموونـەی توێژینەوەکـە هەفتانـە بـڕی ٤-١٥ هـەزار دینـار بـۆ کڕیـن و بەکارهێنانـی ڤەیـپ خـەرج دەکـەن.

## دەرەنجامەکانی توێژینەوە:

پـاش ئەنجامدانـی توێژینەوەکـە، بەشـێوەیەکی مەیدانـی و چاوپێکەوتنـی راسـتەوخۆ لەگـەڵ نموونـەی توێژینەوەکـەو تێبینیکردنـی توێـژەر بـۆ حاڵەتـەکان و تاوتوێکـردن و راڤەکردنـی زانیارییـەکان، توێـژەر گەیشـت بـەم دەرەنجامانـە:

بەپێـی زانیارییەکانـی نێـو توێژینەوەکـە دەرکەوتـووە ئەندامانـی نموونـەی توێژینەوەکـە لەگـەڵ خێزانەکانیـان پێکـەوە دەژیـن و پەیوەندییـە خێزانییەکانیـان بەشـێوەیەکی گشـتی لـە ئاسـتێکی باشـدایە.

لێتوێـژراوان و خوێنـدکاران ماوەیەکـی زۆر نییـە کـە جگـەرەی ئەلیکترۆنی بەکاردەهێـنن، پێشـتر جگـەرەی ئاساییان نەکێشـاوە، یـان هەندێجـار نێرگەلەیـان کێشـاوە، بەڵکـو لەڕێگـەی هاوڕێکانیانـەوە فێـری بەکارهێنانـی بـوون.

بازنـەی هاوڕێیـان وەك بەشـێك لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتـی کاریگـەری گـەورەی هەیـە لەسـەر بیرکردنـەوەو رەفتـاری هـەرزەکار، لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەوە بەدیدەکرێـت کـە ئەندامانـی نموونـەی توێژینەوەکـە بەهـۆی کاریگـەری هاوڕێکانیانـەوە فێـری بەکارهێنـان و کێشـانی جگـەرەی ئەلیکترۆنـی بـوون.

لێتوێـژراوان زانیارییەکـی ئەوتۆیـان لەسـەر زیانەکانـی بەکارهێنانـی ڤەیـپ نییـە، بەڵکـو وا تێگەیشـتوون کـە زیانەکانـی لەبەکارهێنانـی جگـەرەو نێرگەلـە کەمـتر بێـت. لەکاتێکـدا زۆرێـك لـە توێژینـەوەکان جەخـت لـەو راسـتییە دەکەنـەوە کـە زیانەکانـی بەکارهێنانـی ڤەیـپ، کەمـتر نییـە لـە جگـەرەو نێرگەلـە، بگـرە لـە هەندێك لایەنـەوە مەترسیدارتریشـە. بـۆ نموونـە ڤەیـپ کـە بەهـۆی (باتری)یـەوە شـلەو مـاددەی کیمیایـی دەکات بەهەڵـم، جگـە لـە زیانـە تەندروسـتییەکەی، لەکاتـی زۆر بەکارهێنـان و گەرمبوونـدا ئەگـەری تەقینـەوەی هەیـە.

ئەندامانـی نموونـەی توێژینەوەکـە هـۆکاری زۆر بەکارهێنانـی جگـەرەی ئەلیکترۆنـی لەلایـەن هەرزەکارانـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێننـەوە کـە وەك جگـەرەی ئاسـایی بۆنـی ناخۆشـی نییـەو تامـی خۆشـەو بەئاسـانی دەسـت دەکەوێـت، جگـە لـەوەی کـە نرخـی هەرزانـەو هەڵگرتنیشـی ئاسـانە و دیزاینێکـی جوانـی هەیـە. ئەمـەش پەیوەنـدی بـە هەوڵـی کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنـان و بـە بازاڕکردنـەوە هەیـە کـە بەچەنديـن رێـگاو شـێوازی جیـاوازو بەرهەمهێنانـی جـۆری سـەرنجڕاکێش، گەنجـان دەخەنـە ژێـر کاریگـەری و ئالـودەی بەکارهێنانیـان دەکـەن.

کـۆی ئەندامانـی نموونـەی توێژینەوەکـە جەخـت لـەوە دەکەنـەوە رۆژانـە هـەرزەکارو گەنجـان دەبینـن، کـە ڤەیـپ بەکاردەهێنـن، ئەمـەش ئاماژەیەکـە بـۆ بەربڵاوی دیاردەکـە لەنێـو ئـەم توێـژەدا.

زۆرێـك لـە لێتوێـژراوان بەهـۆی کاریگەربوونیـان بـە بـاوك یـان بـرای گـەورەی جگەرەکێـش، حەزیـان بـۆ

کێشـانی جگـەرەو نێرگەلـە، یـان ڤەیـپ لـەلا دروسـت بـووە. ئەمـەش جەختکردنـەوەی ئـەو راسـتییەیە کـە لاسـاییکردنەوە بەشـێکە لـە رەفتـاری هـەرزەکار، چونکـە تەمەنـی هـەرزەکاری بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ لەژێـر کاریگـەری ژینگـەی کۆمەڵایەتیدایـە.

دایبابـی خوێنـدکاران ئاسـتی بەرپرسـیارێتیان وەك پێویسـت نییـە بەرامبـەر بـە منداڵەکانیـان، چونکـە لەلایـەك باوکـی خوێنـدکاران یـان بـرای گـەورە، جگـەرە یـان نێرگەلـە دەکێشـن، کـە ئەمـە جۆرێـك بـۆ هانـدان و چاولێکـردن و لاسـاییکردنەوەی منداڵەکانیـان. لەلایەکـی تـرەوە ئاگادارنیـن کـە منداڵەکانیـان ڤەیـپ بەکاردەهێنـن و ئـەو پارەیـەی کـە وەك خەرجـی رۆژانـە پێیـان دەدەن لەچیـدا خەرجـی دەکـەن. ئـەم دەرەنجامـە وەك وەڵامێکـە بـۆ ئامانجـی سـەرەکی توێژینەوەکـە (تێگەیشـتن لـە بەرپرسـیارێتی کۆمەڵایەتـی خێـزان بەرامبـەر بـە دیـاردەی ئالودەبوونـی هـەرزەکار بـە جگـەرەی ئەلیکترۆنـی.)

پێدانـی هۆشـیاری و ئامـۆژگاری دایبـاب بـۆ منداڵەکانیـان وەك پێویسـت و لە ئاسـتی گرنگیپێـدان و بەرپرسـیارێتیدا نییە .

توێـژەر لـە میانـی چاوپێکەوتنـی حاڵەتەکانـدا، تێبینـی ئـەوەی کـرد زۆرێـك لـە حاڵەتـەکان لەگـەڵ ئـەوەی بەجۆرێـك لـە شـانازی بەخـۆوە کردنـەوە قسـەیان دەکـردو لەنێـو دەسـتیاندا یارییـان بـە ڤەیپەکەیـان دەکـرد، بـەڵام بـەردەوام ترسـیان لـەوەش هەبـوو کـە لەلایـەن کەسـێکی گـەورەوە (مامۆسـتا، دایبـاب، بـرای گـەورە) ببینرێـن و پێبزانـن کـە ڤەیـپ دەکێشـن.

## راسپاردەو پێشنیارەکانی توێژینەوە:

### راسپاردەکانی توێژینەوە:

هـەرزەکاری قۆناغێکـی تەواوکاریـی قۆناغـی منداڵییـە، هەربۆیـە رێـگای دروسـت، مامەڵەکردنـی منداڵـە بـە گونجاندنـی لەگـەڵ تەمەنـی خـۆی.

تێگەیشـتن لـەو بـارودۆخ و گۆڕانکارییانـەی کـە بەسـەر کەسـی هـەرزەکار دێـت لـە ڕووی جەسـتەیی و دەروونـی و کۆمەڵایەتـی و هەسـتکردن بەسـەربەخۆیی لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتیـدا.

میانـڕەوی لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ هـەرزەکاران بەگشـتی و هـەرزەکاری لادەرو خـاوەن رەفتـاری نائاسـایی و خـۆ بەدوورگرتـن لـە بەکارهێنانـی توندوتیـژی و وشـەی بریندارکـەر.

راهێنانـی منـداڵ و هـەرزەکار لەسـەر گفتوگۆکـردن و بەکارهێنانـی زمانـی لێکتێگەیشـتن لەگـەڵ دەوروبـەر بەگشـتی و دایبابـان بـە تایبەتـی.

پاراسـتن و هۆشـیارکردنەوەی منـداڵ و هـەرزەکار لەبابەتـە نەشـیاوەکان، کـە لـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و ناوەنـدە میدیاییەکانـدا پەخشـدەکرێت.

### پێشنیارەکانی توێژینەوە:

ئەنجامدانـی توێژینـەوەی زانسـتی لەسـەر چۆنێتـی بەرەنگاربوونـەوەی دیـاردەی جگـەرەی ئەلیکترۆنـی (Vape)، خستنەڕووی ئاکامـە ترسناکەکانی.

ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر کەسێتی هەرزەکارو ڕەفتارەکانی لەو قۆناغە هەستیارەی تەمەندا.
ئەنجامدانی کۆڕو سیمیناری تایبەت بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەگشتی و گەنجان و هەرزەکاران بەتایبەتی، لەسەر دەرەنجام و ئاکامە خراپەکانی بەکارهێنانی ڤەیپ.
ئەنجامدانی خولی شیاندن و ڕاهێنانی تایبەت بۆ مامۆستایان لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی ڤەیپ و جگەرەی ئاسایی دەکێشن.

## ملخص البحث:


الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو فهم المسؤولية الاجتماعية للأسر تجاه ظاهرة إدمان السجائر الإلكترونية للمراهقين. إن التأكيد على أهمية مراقبة الوالدين ومساءلتهما كجزء من عملية التربية الاجتماعية والجهود المبذولة لمنع إمكانية التعود على السلوك المنحرف غير المناسب هو أمر ينطبق لأن البيئة الاجتماعية بشكل عام والبيئة الأسرية بشكل خاص لهما دور وتأثير كبيران على تفكير الفرد وسلوكه. تتطلب المراهقة ، وهي مرحلة حساسة ، مزيدا من الإشراف والمساءلة الأبوية. لذلك تكمن أهمية هذه الدراسة في عرض دور وأهمية الأسرة في المسؤولية الاجتماعية للجيل القادم. لهذا الغرض ، حاول الباحث الوصول إلى الحالات الموجودة بين الطلاب وإجراء المناقشات والمقابلات معهم ، من خلال استخدام استراتيجية البحث الإثنوغرافي في إطار الطريقة النوعية ، أي وضع عرض غير إحصائي للنتائج. خلال دراسة الحالة ، كانت إحدى العقبات التي واجهها الباحث هي إقناع الطلاب بإجراء مقابلة والحصول على المعلومات ، لأنه على الرغم من انتشار الظاهرة بين المراهقين ، إلا أنه لا يزال سلوكا حساسا يتعاملون معه. كما لاحظ الباحث ، حاول الطلاب تجنب الاتصال بالعين أثناء التدخين الإلكتروني. ونتيجة لذلك ، تمكن الباحث من أخذ ١٠ حالات واستخدامها كعينات للدراسة. بعد تحليل البيانات ، وجد أن معظم المراهقين على دراية بأضرار السجائر الإلكترونية ، ويجد بعض الآباء أنه من الطبيعي أن يقوم أطفالهم بالتدخين. ووجدت أيضا أنه في معظم الحالات ، يدخن فرد أو أكثر من أفراد أسرهم السجائر والشيشة ولا يدركون إلى حد كبير الوضع ، وأن المراهقين تعلموا السيجارة الإلكترونية بسبب أصدقائهم ولا يخضعون للمساءلة عن كيفية إنفاق الأموال التي يقدمونها للمراهقين كنفقات يومية.


## Abstract:


The main objective of this study is to understand the social responsibility of families towards the phenomenon of adolescent e-cigarette addiction. Emphasizing the importance of monitoring and accountability of parents as part of the social education process and efforts to prevent the possibility of being accustomed to inappropriate deviant behaviour holds Because the social environment in general and the family environment, in particular, have a great role and influence on individual thinking and behaviour. Adolescence, which is a sensitive stage, requires more parental supervision

and accountability. Therefore, the importance of this study lies in presenting the role and importance of the family in the social responsibility of the next generation. For this purpose, the researcher has tried to reach out to the cases that exist among the students and conduct discussions and interviews with them, through the use of an ethnographic research strategy within the framework of qualitative method, ie putting Non-statistical presentation of results. During the case study, one of the obstacles faced by the researcher was to convince the students to interview and obtain information, because despite the prevalence of the phenomenon among adolescents, but still a sensitive behaviour they deal with. As the researcher noticed, students tried to avoid eye contact while vaping. As a result, the researcher was able to take ١٠ cases and use them as samples for the study. After analysing the data, it was found that most adolescents are familiar with the harms of e-cigarettes, and some parents find it normal for their children to vape. It also found that in most cases, one or more members of their family smoke cigarettes and hookahs and are largely unaware of the situation, that their adolescents learned to vape because of their friends and are not held accountable for how to spend the money they give their adolescents as daily expenses.

**Keys and shank: family, social responsibility, addiction, sexual harassment, e-cigarettes**

## سەرچاوەکان:

### کوردی:

حەکیم، مراد و ئەمیر، لەیلا (٢٠٢٠)، کۆمەڵگەی باشوری کوردستان لەنێوان یەکگرتوویی و پەرتەوازەییدا. لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لەباشوری کوردستان، ئیحسان وەلزی و موسلح ئیروانی (ئامادەکاران)، هەولێر: ئینستیتوتی سیاسەتی گشتی.

الغزوی والاخرون، ٢٠١٨، دەروازەی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی توانا فەرەیدون، پرۆژەی چاپی کتێبی مێخەك، چاپخانەی تاران.

شوانی، محمد، ٢٠١٥، سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لەکۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

نورەیی، کاروان ئەحمەد، ٢٠٢١، میتۆدەکانی توێژینەوەی چەندێتی و چۆنێتی لە کاری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیدا، سلێمانی.

### عەرەبی:

المنجد في اللغة والاعلام، ٢٠٠٣، دار المشرق، بيروت، ط١

العمر، د. معن خليل، ٢٠٠٠، معجم علم الاجتماع المعاصر، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان، الاردن.

عثمان، سيد احمد، ١٩٧٩، المسؤولية الاجتماعية والشخصية المسلمة، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية.

فهمى، مصطفي، ١٩٩٠، سيكولوجية الطفولة والمراهقة، دار المصر للطباعة.

السلمان، د. أماني، ٢٠١٨، الدليل الموجز في البحث النوعي، جامعة الملك سعود.

السماني، مى طيب، ٢٠١٧، مشكلات المراهقة وعلاقتها بمستوى تحصيل الدراسي، كلية التربية جامعة سودان، سودان.

الساعاتي، حسن، ١٩٩٢، بحوث اسلامية في الاسرة والجريمة والمجتمع، مكتبة مدبولي للنشر، قاهرة.

عبداللة، محمد محمود، ٢٠١٤، المراهقة وكيف نتعامل مع المراهقين، دار دجلة للنشر.

كارول فتز باترك و جون شوى، ٢٠٠٧، التغلب على أكتئاب المراهقين، ترجمة سهى تزيةكزكي، العبيكان للنشر والتوزيع، السعودية، ط١

دوروون، رولان و بارو، فرانسواز (٢٠١٢) – موسوعة علم النفس – المجلد الثاني، ترجمة فؤاد شاهين، دار عويدات بيروت، ثلاث مجلدات.

عبدالمعطي، د. عبدالباسط، ١٩٩٠، البحث الاجتماعي محاولة نحو رؤية نقدية لمنهجه وابعاده، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

عمار، د. حامد، ١٩٦٤، المنهج العلمي في دراسة المجتمع، مكتبة القاهرة الحديثة، القاهرة.

غباري، ثائر أحمد، ابو شعيرة، خالد محمد، ٢٠٠٩، البحث النوعي في التربية والعلم النفس، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان.

الحسن، د.احسان محمد، ٢٠٠٥، منهج البحث الاجتماعي، دار وائل، عمان.

رمضان، سيد، ١٩٩٩، اسهامات الخدمة الاجتماعية في مجال الاسرة والسكان، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية (مصر).

الزعبى، د.احمد محمد، ٢٠١٠، سيكولوجية المراهقة، دار زهران، ط١، عمان.

معتوق، د. فريدريك، ١٩٩٨، معجم العلوم الاجتماعية، اكاديميا انترنشينال للنشر والطباعة، بيروت.

الهذلى، نايف بن سراج، ٢٠٠٩، الاتجاه نحو ظاهرة الارهاب وعلاقته بالمسؤلية الاجتماعية، دارالكتاب، كويت.

اللحيانى، ازهار صلاح، ٢٠١١، تفكيرالاخلاقى وعلاقته المسؤلية الاجتماعية، مطبعة الاكرام، كويت.

ابوالنصر، مدحت محمد، ٢٠١٥، المسؤلية الاجتماعية،المجموعة العربية للنشر، القاهرة.

ليلة، على، ٢٠٠٩، المسؤلية الاجتماعية، دارالفكر، قاهرة.

العطار، سهير، ٢٠١٧، علم الاجتماع العائلى، النسر الذهبى للطباعة، القاهرة.

سلاطنية، بلقاسم، ٢٠٠٨، علم لاجتماع التربوى مدخل ودراسات، منشورات جامعة محمد، سكرة،

كمال، طارق، ٢٠٠٥، الاسرة ومشاكل الحياة العائلية، دار الشباب الجامعى، الاسكندرية، (مصر).

الخطيب، عبدالحميد، ٢٠٠٢، نظرة في العلم الاجتماع المعاصر، مطبعة نيل، القاهرة (مصر).

الخراشي، وليد عبد العزيز (٢٠٠٤): دور الانشطة الطلابية في تنمية المسؤولية الاجتماعية، دراسة ميدانية على عينة مختارة من طلاب جامعة الملك سعود، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الملك سعود، الرياض .

## ئینگلیزی:

Hurlock، Elizabeth B. 2009، Developmental Psychology (A Life-span Approach)، Fifth Edition،

TATA McGraw Hill، New Delhi - India.

Marques، P.، Piqueras، L. & Sanz، MJ. An updated overview of e-cigarette impact on human health. Respir Res 22، 151 (2021). https://doi.org/10.1186/s129315-01737-021-

Rao، C.N Shankar، Sociology، (principles of sociology with an introduction to social thought)، 2011، S. CHAND & COMPANY LTD، New Delhi- India.

Rawat، H.K، Sociology (Basic concepts)، 2012، RAWAT PUBLICATIONS، Jaipur – India.

Scott، John and Marshall، Gordon، 2009، Oxford Dictionary of Sociology. The third edition revised، Oxford University Press، UK.

## ماڵپەڕەکان:

https://www.apa.org/topics/substance-use-abuse-addiction. (072023/08/).

https://www.cdc.gov/tobacco/basic_information/e-cigarettes/index.htm (142023/08/).

https://www.who.int/ar/news-room/fact-sheets/detail/tobacco (092023/08/).

https://www.icare-er.com/how-to-stop-your-kids-from-vaping (132023/09/)

## سوپاس و پێزانین:

بەپێویستی دەزانین سوپاس و پێزانین ئاراستەی ئەم بە ڕێزانە بکەین کە لە هەڵسەنگاندنی زانستییانەی پلان و پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی نموونەی توێژینەوەکە، هاوکار بوون.

پرۆفیسۆر د. ژیا عەباس قادر (سەرۆکی بەشی کاری کۆمەڵایەتی – زانکۆی سلێمانی)

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. لوقمان سیوەیلی (مامۆستا لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی – زانکۆی سلێمانی)

د. شیلان علی عارف (مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی – زانکۆی سلێمانی)

مامۆستا تارا محمود سلێمان (مامۆستا لە بەشی کاری کۆمەڵایەتی – زانکۆی سلێمانی)

مامۆستا کاروان احمد نورەیی (مامۆستا لەبەشی کاری کۆمەڵایەتی)